بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە
دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

120
5 ی تشرینی دووەم/ نۆڤەمبەری 2025

## ژمارەی تایبەت بە هەڵبژاردنی ١١ی ٢٠٢٥

گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارە بە ڕوانگەی سیاسی حزب دەربارەی هەڵبژاردن......... لاپەڕە ٣

گفتوگۆ لەگەڵ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق........لاپەڕە ١٠

کۆمەڵێک بەیاننامەی حزبەکانی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق دەربارەی هەڵبژاردن و پێشهاتەکانی!
لە لاپەڕەکانی ( ١٣ -١٦ )دا بخوێننەوە

*وتاری عوسمانی حاجی مارف سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزب
*وتاری دەشتی جەمال ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب
*وتاری توانا نوری کادری حزب تایبەت بە هەڵژاردن
لەلاپەڕەکانی ( ١٧ - دوالاپەڕە) بخوێننەوە




هەر باشبوونێکی بەرچاو لە ژیانی ماددی و مەعنەوی خەڵکی کوردستان و عێراق و بەدەستهێنانی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان، لەگرەوی ئەوەدایە کۆمەڵگای عێراق لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی بۆرژوا میلیشیایی ناسیونالیستی کورد و عەرەب و ئیسلامی سیاسی دەربهێنرێت!

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

## ئەوانەی ئازادییان کوشت، باسی ئازادی دەکەن!



**موحسین کەریم**

یەکێک لە سەیروسەمەرەکانی کەمپینی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی هەڵبژادنی پەرلەمانی عێراق لە کوردستان، بانگەشەی یەکێتی و پارتیە سەبارەت بە نەبوونی ئازادی لە هەریەکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکتر!

بافڵ تاڵەبانی دەڵێ خەڵکی هەولێر جادەی پان و بینای بەرز چی لێبکات لەکاتێکدا ئازاد نیەو لەسەر قسەیەک زمانی دەبڕدرێت! بەرپرسانی پارتیش دەڵێن ئەوانەی سەرۆکی سێ حزبی ئۆپۆزیسیۆنیان زیندانیکردوە و کارەساتی لالەزاریان خوڵقاندوە، ناتوانن باسی ئازادی بکەن! ڕاستیەکەی هەروودکیان هەم ڕاست دەکەن و هەم درۆ! ئەوەی بەرامبەر بەیەکتر دەڵێن، ڕاستە، ئەوەشی سەبارەت بە خۆیان دەڵێن درۆیە! خەڵکی هوشیاری کوردستان هەردوولایان باش دەناسن. ئەوان بە ئەزمونی ژیانی رۆژانەیان، درۆکانی سەرانی پارتی و یەکێتی و پووچی بانگەشەکەیانیان سەبارەت بە ئازادی تاقیکردۆتەوەو هیچ خۆشباوەڕیەکیان بەو پڕوپاگەندانە نیە.

کاتێک یەکێتی باسی نەبوونی ئازادی لە هەولێر دەکات، خۆی بێشەرمانە سەرکوتی ئازادی دەکات و ڕێگری لە هەرجۆرە نارەزایەتی دەربڕینێکی خەڵک دەکات کە ئاراستەی یەکێتی بکرێ، چ لە پەیوەند بە مووچەو خراپی و نەبوونی خزمەتگوزاریەکانەوە، یاخود پەیوەست بە هەرپرس و مەسەلەیەکی سیاسیەوە کە بەدڵی یەکێتی نەبێ، لەوانە نارەزایەتی و خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە بزوتنەوەی ژینا ئەمینی لە سلێمانی، خۆپیشاندان دژی

بۆ لاپەڕە ٢

# درێژەی....... ئەوانەی ئازادییان کوشت، باسی ئازادی دەکەن!؟

پیلان و هێرشە تیرۆریستیەکانی تورکیا و ئێران بۆ سەر هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دوو وولاتە لە هەرێمی کوردستان، سەرەرای رێگریە بەردەوامەکانی لە ئازادی رۆژنامەگەری و هێرشکردنە سەر کەناڵەکانی راگەیاندن و دەستگیرکردنی پەیامنێران و رۆژنامەوانان. سەرباری ئەوەی کە دەسەلاتی دادوەری و یاسای بەکارهێناوە بۆ زیندانیکردنی نەیارانی سیاسی خۆی، تەنانەت بەناوی یاساوە شوێنی ژیانی خەڵکی کردە گۆرەپانی جەنگ و تەسفیەحسابی سیاسی کەدەیان قوربانی لێکەوتەوەو سوکایەتی بە دیل و تەرمی کوژراوەکان کرا. ئەگەر زۆر دوور نەرۆین بۆ مێژووی چەندیین ساڵەی رابردووی یەکێتی لەئەنجامدانی تاوانی تیرۆرو سەرکوت و زیندانیکردنی هەڵسوراوانی سیاسی و کۆمۆنیست و نەیاران و رکابەرانی سیاسی یەکێتی، ئەوا یەکێتی و بافڵ تالەبانی ئەهلیەتی ئەوەیان نیە باسی ئازادی و بەرگری لەئازادی بکەن و خۆیان بە پارێزەری ئازادی خەڵکی هەولێر و بادینان بەرامبەر بە سەرکوتگەری پارتی ناوزەد بکەن.

لەوبەریشەوە، پارتی کە فایلێکی قورسی هەیە لە سەرکوت و بێدەنگکردنی هەر دەنگێکی نارازی و رفاندن و تیرۆرکردنی نەیارانی سیاسی خۆی، لە کوشتن و سوکایەتیکردن و شەقەهەڵدان لە خۆپیشاندەران و مامۆستایان و مووچەخۆران، لە رێگریکردن لەگەر جۆرە کۆبونەوەو خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی، لە سزادان و فایل دروستکردن بۆ رۆژنامەنوسان و هەڵسوراوانی سیاسی نەیاری حزبەکەی، لە سوتاندنی بارەگای ئەحزابی ئۆپۆزیسیۆن، لە تیرۆری سەردەشت عوسمان تەنها لەسەر نوسینێکی تەنزئامێز لەسەر کچەکەی سەرۆک! لە ناردنی بەڵتەجی بۆ لێدان و لەخوێنهەڵکێشانی ئەندام پەرلەمانەکانی ئۆپۆزیسیۆن، لە پیلانگێری و تیرۆری هەڵسوراوانی چەپ و کۆمۆنیستی لە بادینان و هەولێر و سەرەنجام سەپاندنی کەشێکی ترس و تۆقاندن بەسەر خەڵکی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی خۆیدا، ئەویش لەیەکێتی خراپتر، مافی ئەوەی نیە باسی ئازادی بکات و خۆی بە بەرگرکار و لایەنگری ئازادی لە ناوچەکانی ژێردەسەلاتی یەکێتی هەڵخات و شیوەن بۆ قوربانیەکانی لالەزار و هەناسە بۆ دەستگیرکردنی سەرۆکی حزبە ئۆپۆزیسۆنەکانی سلێمانی هەڵبکێشێت!

یەکێتی و پارتی لە پەیوەند بە پرسی ئازادیەوە نەک هەگبەکەیان بەتاڵە، بەڵکو تویشووی تاوان و سەرکوتی نەیارانی سیاسی و خەفەکردنی هەر دەنگێکی نارازی و داپڵۆسینی هەموو جۆرە نارەزایەتیەکی خەڵک، ئەوەندە پرە کە وەکو دوو هێز و دوو دەسەلایی دژە ئازادی لەمێژووی سیاسی کوردستاندا ناویان تۆماردەکرێت!

بەلام بۆچی یەکێتی و پارتی پەنا بۆ ئەمجۆرە پروپاگەندەیە دەبەن لە کەمپینی هەڵبژاردندا!؟ ئەوان جاران لەپەیوەند بە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقەوە باسیان لە لیستی هاوبەشی حزب و هێزە کوردیەکان دەکرد تا گوایە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا بەهێزبێت و بتوانن پێکەوە بەرگری لە مافە سیاسیەکانی کورد بکەن! ئەوکاتە بنەمایەکیان هەبوو بۆ رێکەوتن لەسەر دابەشکردنی پۆستە سیاسیەکان لەنێوان خۆیاندا، بەلام ئێستا کە ئاراستەی دۆخی سیاسی کوردستان رووی لە بەغدا و حکومەتی ناوەندیە و زەمینەی ئەو رێکەوتنەی پێشووی نێوان یەکێتی و پارتی لەنێوچووە، ئیتر پێشبرکێی ئەوە دەکەن کە ئایا کامیان دەتوانی بەشێکی گەورەتر لە بەغدا بۆخۆی بەدەست بهێنێ! لەمبارەرشدا ئەوە ژمارەی کورسی هەرلایەکیانە کە بریاری ئەوە دەدات چ پێگەو بەشیکی دەبێت لە دەسەلاتی ناوەند دا، بەپێی ئەوەش پێگەی لەئاستی هەرێمدا بەهێز یان لاواز دەبێت! بەلام بەدەستەوەگرتنی پرسی ئازادی کە بۆ هیچکامیان چەکێکی پروپاگەندەیی کاریگەر و سەرکەوتوو نیە، تەنها بەتاڵبوونی بالانسی کارنامەی ئەوان نیشان دەدات بەرامبەر بە خواست و چاوەروانیەکانی خەڵکی کوردستان!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی
عوسمانی حاجی مارف
00964(0)7701570050
Osman_maruf@yahoo.com
سەرۆکی مەکتەبی سیاسی
خەسرەو سایە
00964(0)7701511043
saya.xasraw@yahoo.co.uk
بەرپرسی رێکخراوی دەرەوە
دەشتی جەمال
0044(0)7856032991
dashty.jamal@gmail.com
بەرپرسی پەیوەندیەکان
فواد سادق
00964(0)7732499966
foadsadq@yahoo.com

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
سەرنووسەر : موحسن کەریم
ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!
بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبە و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135
ئیمێل: Muhsin_km@yahoo.com
ماڵپەری ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.infinityfreeapp.com/?i=1
ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

# ئێمە دەمانەوێ مەیدانێکی دیکەی جەنگ لەگەڵ سەرمایەداری بکەینەوە، نەک ئاشتی!

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزب

## سەبارە بە سیاسەتی حزب لەسەر هەڵبژاردن!

ئۆکتۆبەر: دەمانەوێ سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە بۆچی دوای ساڵانێکی زۆر لە بایکۆت و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، چ هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و چ هەڵبژاردنی عێراق، بڕیاری بەشداریکردنتان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێرا ق دا؟ چی گۆڕاوە؟ سیاسەتی حزب بەرامبەر بە هەڵبژاردن و پەرلەمان یاخود کارکردی پەرلەمان و ڕوانگەی ئێوە لەسەر پەرلەمان؟

ڕێبوار ئەحمەد: ئەگەر بمەوێ وەڵامیکی کورت و پوخت بە پرسیارەکەتان بدەمەوە ئەوە نە لە هەڵبژاردن و نە لە کارکردی پەرلەمان و نە لەڕوانگەی ئێمە دەربارەی ئەوانە هیچ ئاڵوگۆڕێک ڕوینەداوە، ئەوەی گۆڕاوە سیاسەتی حزب یان دەقیقتر بڵێم تاکتیکی حزبە لەپەیوەند بە هەڵبژاردنەوە. بەڵام بۆ ڕونکردنەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە سەرەتا دەبێ جەخت لەوە بکەم کە ئێمە هیچکات لەڕوی مەبدەئیەوە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنمان ڕەتنەکردوەتەوە. هەمیشە پەیمانوابوە بەشداریکردن و بەشدارینەکردن مەسەلەیەکی تاکتیکیە بۆ حزبیکی کۆمۆنیستی کریکاری. پێمانوایە بەپێی هەلومەرجی سیاسی و جێگاو ڕێگای هەر هەڵبژاردنێک، هەروەها بەپێی جێگەو پێگەی حزب و بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری، سەرجەم ئەم لایەنانە لێکبدەینەوە و بزانیین بەشداری یان بایکۆت کامیان بە قازانجە بۆ بەهێزکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری و بەرجەستەکردنی حزب، ئەوەیان هەڵبژێرین. بەم سادەدییە.

بۆچونی مەبدەئی ئێمە لەسەر پەرلەمان و بێگومان هەلبژاردنەکەشی لە نمونەییترین ئەلگۆکەشیدا، بریتیە لە سەرخانێکی سیاسی بۆ سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری. ئەوەی کە گوایە ئەمە سیستەمێکە بۆ بەشداری و دەخاڵەتی خەڵک لە حوکمڕانی، درۆیەکی زل و شاخدارە. چوار ساڵ جارێک بەناوی نوێنەرایەتی خەڵک هەرایەک بەرپادەکەن و مێشکی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بە جۆرەها بەڵێنی ڕەنگاوڕەنگ دەکوتنەوە. گوایە دەتوانن لەرێگای بەشداری لە هەڵبژاردنەوە ئالوگۆڕ لە ژیانی سەخت و پڕ لە مەینەتیان پێکبهێنن. دوای هەموو خولیکی هەڵبژاردنیش مەینەتی و نەداری خەڵک قولتردەکەنەوە. لەڕوانگەی ئێمەوە پەرلەمان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەهیچ جۆرێک ڕێگایەک نیە بۆ گەیشتنی خەڵک بەدەسەڵات و تەنانەت بەشداری خەڵکیش لە دەسەڵات دابین ناکات. هەربۆیە زۆرجار بەشی زۆری خەڵک هەتا لە وڵاتانی ڕۆژئاوای لانکی دیموکراسی پەرلەمانیدا بەشداری هەڵبژاردن ناکەن، لە زۆربەی هەڵبژاردنەکاندا حکومەت بە دەنگی کەمینە دادەمەزرێت. ئێمە دەڵێین کۆتایهێنان بەم هەموو مەینەتەی ئێستا، کۆتایهێنان بە کۆیلایەتی بەکرێ و ستەمکێشی ژنان و هەموو جۆرە هەڵاواردنێک و بەرپاکردنی سیستەمیکی سیاسی کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی دابین بکات، نەک لەڕێگای سیستەمی پەرلەمانی، بەڵکو لەڕێگای شۆڕشی کریکاری و ڕوخانی نیزامی سەرمایەدارییەوە ئیمکانی هەیە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی و هەڵپێچانی نیزامی سەرمایەداری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی خەبات دەکات. بەدیلی ئێمە بۆ دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خەڵک لە حوکمڕانی سیستەمی شوراییە.



سەرباری ئەم ڕوانگە نەگۆڕەمان لەسەر سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن، ئێمە دەبینیین لەم پرۆسەیەدا کۆمەڵگا لەسەر ئەم مەسەلەیە و بەرنامە و پلاتفۆرمی ئەحزاب و جەدەلیان لەگەڵ یەکتری قوتبی دەبێتەوە، بەشداری ئێمە لەم قوتبیبونەوەیەی کۆمەڵگا و نوینەرایەتیکردنی کریکاران و جەماوەری خەڵک لەناو ئەم فەزایەدا کاریگی زۆر پێویستە. بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن و سەرئەنجام هەوڵدان بۆ کەلکوەرگرتن لە مایکرۆفۆنی پەرلەمان، دەرفەتێکە بۆ جەدەل و بەرامبەرکێی ئێمە لەگەڵ چینی دەسەڵاتدار. لەچەند مانگی ڕابردودا باس و جیدالێکی سیاسی گەرموگور و هەمەلایەنە لەئاستی ڕابەری حزب و هەروەها بە مەشورەت لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست-خەتی ڕەسمی، وە بەپێی ئەو ئەزمونەی لە ڕابردودا بوومان لە گرتنەبەری تاکتیکی بایکۆت، بەو ئەنجامە گەیشتین کە تاکتیکی بەشداریکردن بە قازانجتر و کاریگەرترە و بڕیارماندا بەشداری بکەین. بەڵام لەوماوەیەی بەدەستەوە مابوو، نەمانتوانی ئەو

⇦

مەرجە قانونیانە دەستەبەربکەین کە لەلایەن کۆمیسیۆنی باڵای هەلبژاردنەوە بۆ بەشداریکردن دانرابوو. بۆیە بەداخەوە دەرفەتی بەشداریمان لە دەست دا.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر پێتانوایە هیچ شتێک لە پەیوەست بە ڕوانگەی ئێوە بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردن نەگۆڕاوە، ئایا چۆن ئەم گۆڕانکاریانە لە پەیوەند بە سیاسەتی حزبەوە بەرامبەر بە هەڵبژاردن و پەرلەمان لێک دەدەیتەوە؟ ئایا هەڵوێستتان لە رابروودا هەڵەیەکی تێدا بووە، یاخود چی وایکردەوە کە ئەو هەڵوێستە وەربگرن؟ پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی تاکتیکی حزبدا روویداوە؟**

ڕێبوار ئەحمەد: راستیەکەی ئێمە پێشتریش لەم بارەیەوە باس و جەدەلمان هەبوە لە رابەری حزب، تەنانەت لە خولی پێشوی هەڵبژاردنی کوردستاندا ناویشمان تۆمارکرد بۆ بەشداری، بەڵام دوای ئاخرین دیزاینی سیستەمی هەلبژاردن لەلایەن پارتیەوە، گەیشتین بەو بروایەی کە بایکۆتی بکەین. لەرابردودا نەک لەرووی مەبدەئیەوە، بەلکو وەکو تاکتیک بایکۆتمان هەلبژاردوە. هۆکارەکەشی ئەو هەموو عەیب و عارە بوو کە هەلبژاردن لە عیراق و کوردستان هەیەتی. ئەوە ئاشکرایە کە ئەم هەلبژاردنانە هەتا بەپێوانە بورژوازیەکەشی تارادەیەکی زۆر نمایشییە. ئەحزابی دەسەڵاتدار بە سەدویەک شێوە دیزاینی دەکەن و ساختەکاری تیا دەکەن. بەڵام ئەمجارە دانیشتین و بەشێوەی هەمەلایەنە مەسەلەکەمان لیکدایەوە و تاکتیکی بایکۆتمان هەڵسەنگاند و بەو ئەنجامە گەیشتین کە کارساز و کاریگەر و دروست نیە. بۆیە سەرباری نمایشیبوونی هەڵبژاردن، بریارمان دا لەم مەیدانەشدا بەرامبەر حزب و بەدیلە بورژوازیەکان بوەستینەوە و کەلکی لیوەرگرین بۆ گەیاندنی پەیامی کۆمۆنیزم بەخەلک و پەردەهەڵمالین لەروی بەدیلە بورژوازیەکان لەوانەش خودی پەرلەمانتاریزم.

دەربارەی ئەو هەموو رەخنەیەی کە بەتایبەت لەسەر هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستان هەیە، واتە نمایشیبونی، واتە ئەوەی کە بەشیکی زۆر لە کورسیەکان لەپێشەوە براوەتەوە وەکو هێزی تایبەت و کارمەندان لەسەر میلاکی یەکیتی و پارتی، ڕشوەدان، ئەنواع شێوەی تەزویر..کە دەکرێت ئەم لیستە زۆر درێژبکرێتەوە، بەبڕوای من ئەو تیڕوانینەی لەسەر ئەم بنەمایە بایکۆتی دەکات، هەڵەیە. پەرلەمان ئەلگۆ و بەدیلی ئیمە نیە تا یاساو ریساکەی بە بنەما وەرگرین. هەرجۆرێک بێت خاوەنەکانی هێناویانە، ئیمە بێگومان ڕەخنەگر و فشار دەبین بۆ کرانەوەی بواری زیاتر بەڕوی دەخالەتی خەڵک و خۆماندا. ئەو بۆچونەی لەسەر بنەمای ساختەکاری هەڵبژاردن بایکۆت دەکات، جەختی لەسەر پرۆسەی دەنگدان و ئەنجامی دەنگدانەکەیە، لەکاتێکدا مەسەلەی بەدەستهێنانی کورسی بۆ ئێمە یەکلاکەرەوە و بنەڕەتی نیە، دەکرێت لەم بارەیەوە لە درێژەی گفتوگۆکەدا قسە بکەین. بۆ ئێمە کەمپینی پروپاگەندەی هەڵبژاردن گرنگترە لە پرۆسەی دەنگدان، واتە مەسەلەی بنەڕەتی بواری بەشداری و ئازادی راگەیاندن و پڕوپاگەندەیە بۆ هەموو لایەن و کاندیدەکان. لە کۆتاییدا ئەگەر کۆمۆنیزم بواری بەشداری هەبێت و بزانیین ئەمە دەرفەتێکە بۆ قەراردانی حزب و سیاسەت و ڕابەریەکەی لەبەردەستی کۆمەڵگەدا، بەشداری تیا دەکەین. ئەگەر بواریان نەدا دەبێ شەڕبکەین لەسەر بەشداریکردن.

بەهەرحاڵ بەڵێ لەم پەیوەندەدا پێداچونەوەمان کرد بۆ تاکتیکی حزب و بێگومان رەخنەمان لە تاکتیکی پێشوی خۆمان گرت و بەو ئەنجامە گەیشتین کە کۆمۆنیزم دەبێ لە هەموو مەیدانێکدا ئامادەیی هەبێت و بجەنگێ لەپێناو ماف و بەرژەوەندی چینی کریکار و جەماوەری زەحمەتکێش. مەیدانی هەڵبژاردنی پەرلەمان مەیدانیکی سیاسی زۆر گرنگ و گەرمی کێشمەکێشی سیاسیە. هەموو ئەحزابی سیاسی پێی تێدەنێن و پلاتفۆرم و بەرنامە و پەیامی خۆیان بۆ خەڵک ڕووندەکەنەوە، کەسایەتیەکانی خۆیان بە کۆمەڵگا دەناسێنن و مێشکی خەڵک دەکوتنەوە. بایکۆت واتە لێگەڕێین و مەیدانەکەیان بۆ خالّی بکەین.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە پرۆسەی هەڵبژاردن تەنها بریتی نیە لە رۆژی دەنگدان، تەنانەت ئەو رۆژە بۆ ئێمە گرنگترین بەشی پرۆسەکەش نیە. تا کارەکە بەوە تەواو بێت و بڵێی ئەو رۆژە مەڕۆن و دەنگ مەدەن. جگە لەوەی کە تەنانەت هەر بۆ رۆژی دەنگدانیش ئەوە هیچ کردەوەیەکی کاریگەر و چالاکی تیا نیە کە خەڵکی بۆ بانگەواز بکەیت. بەڵام هەڵبژاردن پرۆسەیەکی زۆر گەورەتر و درێژترە لە رۆژی دەنگدان، بەدرێژایی نزیک بە یەک مانگ ئەحزابی بورژوازی هەراوهوریای راگەیاندن بەڕێدەخەن. تەواوکردنی هەموو کێشمەکێشی ناو ئەم پرۆسە درێژە بە دەرکردنی بەیانێک بۆ بایکۆت، بەراستی سیاسەتێکی زۆر پاسیڤە. ئەنجامی دەنگدان هەرچیەک بێت، ئەحزابی سیاسی خۆیان و بەرنامە و کەسایەتیەکانیان بە خەڵک دەناسێنن، کۆمۆنیزم نابێ هەموو کاری خۆی لە پەیامیکدا کورت بکاتەوە بۆ بایکۆت. بەمە دەست وباڵی خۆی دەبەستێت. ئاخر مەگەر هەموو قسەی کۆمۆنیزم ئەوە بێت کە حزبە بورژوازیەکان درۆ دەکەن! گوێ مەدەن بە پروپاگەندەکانیان! بەڵام بەمە ناتوانێ کاریگەری پروپاگەندەی بورژوازی لەسەر خەڵک لابەرێت. دەبێت بەرنامە و پەیام و کەسایەتیەکانی خۆی بخاتە بەردەم کۆمەڵگا. ئەم کارە بە بایکۆت ناکرێت. بێگومان هەرکات دەرفەتی کەڵک وەرگرتن لەم پرۆسەیە زۆر تەسک بوەوە و سودی نەما ئیتر دەبێ بایکۆتی بکەین. بە تایبەت لە وڵاتانی وەکو کوردستان و عێراق ئەحزابی بورژوازی تەنانەت پابەندی هەڵبژاردنی پەرلەمان

لەچوارچێوەی نیزامە سەرمایەدارییەکەی خۆشیان نابن. بۆیە تا دەرفەت هەبێت پێویستە کەڵکی لێوەرگرین و هەرکاتیش زۆر تەسک بووەوە و سودی نەما بێگومان بایکۆت دەبێتە تاکتیکی دروست.

**ئۆکتۆبەر: سەرەڕای ئەوەی کە حزبە بۆرژواییەکانی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن تەنها بژاردەی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەخەنەبەردەم کۆمەڵگا بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوری....تاد. بەڵام لە کردەوەدا، پەرلەمان و هەڵبژاردن هیچ جێگایەکی نەبووە لە دەستراگەیشتنی خەڵک بەگشتی بە هیچ کام لە مافەکانیان، بەڵکو هەمیشە فشاری دەرەوەی پەرلەمان بەورادەیەی کە کاریگەری هەبووە توانیویەتی شتێک لە بەرژەوەندی خەڵک بگۆڕێت، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی خەڵک بێئومێد بوون لە هەڵبژاردن و بەردەوام ڕێژەی بایکۆت بەرەو سەردەچێت. ئێوە چۆنە لە دۆخێکی وادا تازە باسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا دەکەن؟**

ڕێبوار ئەحمەد: جەماوەری خەڵک حەقیانە لە پەرلەمان و هەڵبژاردن نائومێدبن، چونکە تائێستا چەندین خولی هەڵبژاردن بەڕێوەچوە و هەرواهۆریای بەخشینەوەی درۆودەلەسە بەڕێخراوە. هەمووجارێک لەودیوی لێشاوێک لە درۆ و پڕوپاگەندەی چەواشەکارانەوە پەنجەمۆری خەلکیان وەرگرتوە، دواتریش هەر ئەوانەی کە گوایە نوێنەرایەتی ئیرادەی خەڵک دەکەن، یاسایان بۆ پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانی خەڵک دەرکردوە، یەک لەسەر یەک کابینەی گەندەڵ و چەوسێنەر و کۆنەپەرستیان پێکهیناوە، یاسایان بۆ قازانجی سەرمایە لەسەر حیسابی برسیکردنی زیاتر و بێمافی زیاتری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەرکردوە. ئەوانەی گوایە نوێنەرایەتی مافەکانی ژنان دەکەن، یاسایان بۆ کۆیلەکردنی ژنان و دەستدرێژی سێکسی بۆسەر منداڵانی کچ دەرکردوە، ئەوانەی گوایە نوێنەرایەتی لاوانی دڵپڕ لە هیوا و بێکارانی دەرچوی زانکۆ دەکەن بە یاسا و بڕیارەکانیان ئارەزوەکانی لاوانیان خنکاندوە و کۆمەڵگایان لەناو هەژاری و بێکاریدا گرفتار کردوە. ژیانێکی شاهانە و فیرعەونئاسایان بۆ خۆیان و چینی سەرمایەدار و هەژاری و نەداری و بێ خزمەتگوزاریش بۆ جەماوەری خەلک بەرپاکردوە. کاتێکیش جەماوەری خەڵک بۆ سەرەتاییترین ماف و خزمەتگوزاری و داخوازی دێنە سەر شەقام بە لولەی چەک و داپڵۆسین وەلامیان دەدەنەوە. هەڵبەت وەکو پێشتریش باسمکرد ئەوە تەنها لە عێراق و کوردستان نیە کە خەڵک لە پەرلەمانتاریزم نائومێدبوون، لە ئەورووپای لانکی دیموکراسیش هەروایە.

بەڵام یەکەم/ ئەگەر خەڵک حەقی بێت کە نائومێد بێت، ئێمەش حەقمانە کە پۆپۆلیست نەبین و لەسەر بنەمای مەزاجی خەڵک سیاسەت و تاکتیک هەلنەبژێرین. بەتایبەتیش کە ئەم مەزاجەی خەڵک تەنها نائومیدی بێت نە کردەیەکی پێشڕەوانە. بۆیە مەزاجی خەڵک نابێتە بنەما. مادام باوەڕمان وایە کە دەکرێت بە بەشداری لە پرۆسەی هەلبژاردندا مەیدانێکی دیکەی جەنگ لە دژی بورژوازی بکەینەوە، مادام دەزانیین کە دەبێ لەو ڕۆژگارەی هەموو ئەحزابی سیاسی هەراوهوریای هەلبژاردن ساز دەکەن و پلاتفۆرمی خۆیان دەخەنە ڕوو وە کەسایەتیەکانی خۆیان بە خەڵک و کۆمەڵگا دەناسێنن، کۆمۆنیزمیش دەبێ هەمان کاربکات. کۆمۆنیزم دەبێ پێشڕەو بێت بۆ هەڵخراندنی خەڵک لە دەوری بەدیل و کردەیەکی کارساز و ئالوگۆڕبەخش، بە پێشڕەوایەتی خۆی و دەخالەتی سیاسی و گرتنەبەری خەتێکی سیاسی تیژی کۆمۆنیستی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش بخاتەسەر ڕەوتی بەگژاچونەوەی بەدیلە کۆنەپەرستە بورژوازیەکان. لەسەر ئەم بنەمایە دەکرێ نائومێدی و دەستەوەستانی خەڵک بگۆرین بە ئیرادەیەکی پێشڕەوانە دژی گشت سیستەمی سەرمایەداری.

دووەم/ بێگومان ڕۆڵی ئێمە بە هیچجۆرێک بریتی نابێت لە ئاشتکردنەوەی ئەو خەڵکەی نەفرەت لە ئەحزابی بورژوازی و سیستەمە پەرلەمانیەکەیان دەکەن. لایەنێکی گرنگی ئەم تاکتیکە ئاشناکردنی چینی کرێکار و جەماوەری خەڵکە بە ناوەڕۆکی واقعی سیستەمی پەرلەمانی وەکو سەرخانی سیستەمی چەوسێنەرانەی سەرمایەداری، ئێمە دەمانەوێ ئەم نەفرەتەی خەڵک نەگۆڕێت بە نائومێدی و یەئس، بەڵکو ببێ بە ئاراستە و ڕەخنەیەکی سۆسیالیستی لەم سیستەمە. لەم ڕاستایە و لەم دەرفەتەدا دەمانەوێ بەدیلێکی تر و پلاتفۆرمێکی تر بخەینە بەردەم خەڵک و بانگەوازیان بکەین بۆ پەیوەستبوون بە کۆمۆنیزمەوە.

بەڵام دەربارەی کاریگەری فشارەکانی دەرەوەی پەرلەمان و جێگەوپێگەی خەباتی جەماوەری، ئەمە زۆر ڕاستە و ئێمە هەمیشەش ڕاشکاوانە پێداگریمان لەسەر ئەو ڕاستیە کردوە کە ڕێگای هەر ئالوگۆڕێکی ڕیشەیی و تەنانەت ئالوگۆڕێکی بەرچاویش، نەک بە خەباتی پەرلەمانی، بەڵکو بە خەباتی سیاسی و جەماوەری مەیسەر دەبێت. وا دەزانم لەمبارەیەوە ئەگەر زیادەڕۆیمان نەکردبێ، کەمکاریمان نەکردوە. هەڵبژاردنی پەرلەمانی هەبێت یان نەبێت، مەیدانی سەرەکی خەباتی کۆمۆنیزم برەودان و خەتدان و سازدان و ڕابەریکردنی ئەم جۆرە خەباتەیە، لە فشارێکی سیاسیەوە بیگرە تا شۆڕشی کرێکاری. بەشداری لە خەباتی پەرلەمانی و هەڵبژاردن بۆ ئەوە نیە کە دەست لە خەباتی سیاسی و جەماوەری و شۆڕش هەڵبگیرێت یان شلبکرێت، تەنانەت بۆ زەمینەخۆشکردنی زیاترە بۆ ئەو خەباتە.

ئێمە دەڵێین سەرباری جەختی توند لەسەر خەبات و شۆڕش، دەبێ کەمپینی هەڵبژاردن و تەنانەت ناو هۆڵی پەرلەمانیش بەدەستەوە بگیرێت بۆ سەپاندنی خواستێک یان ئالوگۆڕێک ئەگەر بچوکیش بێت. ئێمە پێمانوایە

بونی فراکسیۆنێکی کۆمۆنیست لەناو هۆڵی پەرلەمان دەکرێت فەزا و بارودۆخەکە بگۆڕێ. ئەگەر کەمیش بێت. هەرچۆن وەکو تائیستا کۆمۆنیزم لە هەموو مەیدانێکدا شەڕی لەسەر ماف و ئامانجەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان کردوە، بوونی فراکسیۆنێکی کۆمۆنیست لەناو پەرلەمانیشدا دەتوانێ هۆڵی پەرلەمانیش بکاتە مەیدانی جەنگ لەسەر مافەکانی خەڵک. دەتوانێ کۆسپ و لەمپەر لەدژی دەرچواندنی یاسای کۆنەپەرستانە ساز بکات و مەیدان چۆڵنەکات لایەنە بورژوازیەکان بەئاسانی کارنامەی چەپەڵی خۆیان بەرەوپێشبەرن. تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی پەردە هەڵماڵین لەسەر خودی ناوەرۆک و خەسڵەتی پەرلەمانیشەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین، بوونی فراکسیۆنێک لەوێ کە پرۆژە یاسا لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەری چەوساوە بەرێت و فراکسیۆنە بورژوازیەکان بخاتەبەردەم ئەمری واقع، دەتوانێ کۆمەک بە ڕوونبوونەوەی بەرچاوی خەڵک بکات. بۆیە بەگشتی بەشداری و دەخاڵەت لەم مەیدانە دەبێ کۆمەک بکات بە گەرمترکردنی خەباتی سیاسی و جەماوەری لە ناوەندەکانی کار و ژیان و خوێندن و شەقام، نەک دەستهەڵگرتن لەو خەباتە.

لینین لە کتێبی "نەخۆشی چەپڕەوی منالانە" دەربارەی ئەوەی کە "ئایا دەبێ بەشداری پەرلەمانە بورژوازیەکان بکەین"، قسەیەکی بەنرخی هەیە ئەڵێ: "ئێمەی بەلشەفی لە دژەشۆڕشترین پەرلەماندا بەشداربووین، ئەزمون نیشانیدا ئەم بەشداریکردنە نەک هەر سودبەخش بوو، بەڵکو زەروری بوو بۆ پارتی پرۆلیتاریای شۆڕشگێر، پاش یەکەم شۆڕشی بورژوازی لە ڕوسیا(١٩٠٥)، لەپێناو ئامادەکاری بۆ دوەم شۆڕشی بورژوازی (شوباتی ١٩١٧)، دواتریش لەپێناو ئامادەکاری بۆ شۆڕشی سۆسیالیستی (تشرینی یەکەم-ئۆکتۆبەری ١٩١٧)".

مەبەستمە ئەوە ڕونبکەمەوە کە بەشداری لە هەڵبژاردن بۆ دەستشلکردن لە خەباتی سیاسی و جەماوەر نیە، بۆ بەهێزترکردنێتی.

بەشێک لەو ئەرکانەی ئەم تاکتیکە دەیخاتە ئەستۆمان ڕونکردنەوەی ئەوەیە بۆ خەڵک کە بایکۆت لەسەری نائومێدیەوە ڕێگاچارە نیە. وەکو لە خولەکانی رابردودا رویداوە، ڕێژەی بایکۆت گەیشتوەتە ٨٠%، گریمان ئەگەر کاری زۆرترمان لەسەر بکردایە دەبوو بە ٨٥%. دوای ئەوە چی ڕودەدات! ؟ خۆ دەسەڵات بەوە ناڕوخێ و لاوازیش نابێت. کەواتە سودەکەی چیە؟! هەر تاکتیکێک کە دەگیرێتەبەر، دەبێ دیاربێت بەکوێ دەگات و چ ئالوگۆڕێک دروستدەکات. حزبە دەسەڵاتدارە میلیشیاییەکان بە زەبری هەڕەشە و ملهوری و بە بارمتەگرتنی نانی خەڵک و بەساختەکاری، هەر لە پێشەوە دەنگی ڕێژەیەکی نزیک لە ٢٠%ی خەڵکیان مسۆگەرکردوە. بەو ڕێژەیە پرۆسەکەی خۆیان بەڕێدەخەن. بایکۆت ئەگەر هاوکات نەبێت لەگەڵ بەدیلێکی عەمەلی و واقعی و تاکتیکی کارسازتر، هیچ سەمەرێکی نابێت. ئەوە هەر لە کوردستان و تەنها بەهۆی ساختەکاریەوە نیە کە خەڵکێکی زۆر بایکۆتی هەلبژاردن دەکەن. لە جەرگەی ئەوروپای لانکی دیموکراسیدا، تەنانەت لەو حاڵەتانەی کە دەکرێت بڵێین هەڵبژاردنی پەرلەمانی بەمانا بورژوازیەکەی بەشێوەیەکی نمونەیی بەڕێوە دەچێت، خەڵکێکی یەکجار زۆر کە هەندێکجار دەکاتە زیاتر لە نیوەی ئەوانەی مافی دەنگدانیان هەیە، بایکۆتی دەکەن. بەڵام بەبێ ڕووکردن لە بەدیلێکی دیکەی پێشڕەو، ئەمە تەنها دەتوانێ بەڵگەی نائومێدی و تەسلیمبون بێت بە قەدەری سەرمایەداری.

هەڵبەت نائومێدی خەڵک دەرحەق بە هەڵبژاردن و پەرلەمان ڕەواو بەرحەقە، بەڵام بەشێکی گەورەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی خەڵک هیچ بەدیل ولایەنێک نابینن لەناو ئەم پرۆسەیەدا کە نوێنەرایەتی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکات، بۆیە گشت پرۆسەکە بایکۆت و فەرامۆش دەکەن، چەندجار هەموو بەدیلە بورژوازیەکانیان تاقیکردوەتەوە و لە مەحەکیان داون بۆیە بەحەق لێیان نائومێدبوون. ئێمە دەمانەوێ ئەم خەڵکە لە دەوری پلاتفۆرێکی کۆمۆنیستی پێشڕەو هەڵخرێنین و ببین بە نوێنەری بەرژەوەندیەکانی ئەوان بۆ کەڵکوەرگرتن لەم دەرفەتە ئەگەر زۆر کەمیش بێت. بەمجۆرە کێشیان بکەین بۆ هەنگاوێکی چالاک و کارساز لەدژی بورژوازی و حزبەکانی. دەرکەوتنی ئێمە بە پەیام و پلاتفۆرمیکی ترەوە کاریگەری دەبێت لەسەر گۆرینی نائومێدی خەڵک بە ئیرادەیەکی پێشڕەوانە.

**ئۆکتۆبەر: ئەم هەڵوێستەی حزب سەبارەت بە هەڵبژاردن لەلایەن کەسانێکەوە جێگای پێشوازیە و وەکو ڕادەیەک لە پێگەیشتوویی سیاسی ناوبراوە و لەلایەن کەسانیکیشەوە وەکو پشتکردن لە سیاسەتە ڕادیکاڵە کۆمۆنیستیەکان و خزان بەرەو سازش و خۆ گونجاند لەگەڵ سیاسەتی بۆرژواییەکاندا لێکدراوەتەوە؟ ئێوە لەمبارەوە چی دەڵێن؟ ئایا حزب وازی لە شۆڕش و شۆشگێڕیتی کۆمۆنیستی هێناوەو بەرەو پەرلەمانتاریزم ئاراستەی سیاسی خۆی گۆڕیوە؟ ئەگەر بەو قورسیەش ناوی نەبەن لانی کەم بە سیاسەتێکی هەڵەی دەزانن کە حزب تێی کەوتوە.**

ڕێبوار ئەحمەد: ئەمجۆرە هەڵوێستگرتنە لەم تاکتیکەی حزب هەڵوێستێکی ئاشنای چەپە. لای ئەوان نە تاکتیک و نە کێشمەکێشی سیاسی لەگەڵ بورژوازیدا مانا و جێگایەکی نیە. ئەمە ڕوانگەیەکی ناسیاسیە. چەپ لەگەڵ هەموو مەسەلەیەک مامەڵەی ئیدۆلۆژیک دەکات، هەموو هەم و غەمی بەپێی بۆچونی هەڵەی خۆی بریتیە لە "پاکی و بێگەردی" تیئوریەکەی. ڕادیکالیزم لە دروشم و زهنی خۆیدا قەتیسدەکات، لەکاتێکدا بۆ

کۆمۆنیزم رادیکالیزم یانی برەودان بە خەت و ئاراستەیەکی رادیکال لە کۆمەڵگادا، نەک لە زەهنی خۆماندا. چەپ بۆئەوەی پێویست نەبێت خۆی بتەکێنێ، پێی باشترە دەخالەت لە هیچ کاریکدا نەکات و هەر لەبنەرەتەوە کۆمەڵگا و کێشمەکێشی سیاسی جیگایەکی نیە لە دیدگای ئەو چەپەدا.

باسی سازش و خزان و خۆگونجاندن لەگەل سیاسەتی بورژوازیان لە کوێوە هێناوە؟ ئێمە بڕیارمانداوە مەیدانێکی دیکەی شەڕ لەگەل بورژوازی و نیزامی سەرمایەداری بکەینەوە نەک ئاشتی! باسی کام سازش دەکەن؟ فەلسەفەی کۆمۆنیزم و حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی سازدان و رابەریکردنی شۆرشی کریکاری و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستیە. ئەم ئاسۆیە بەسەر هەر هەنگاو و هەر سیاسەت و تاکتیکێکی ئێمەدا حوکمڕانی دەکات. ئێمە لەلایەک بۆ شەڕ لەسەر مافەکانی خەڵک و لەلایەکیش بۆ روونکردنەوە و بەهێزکردنی ئەو باوەرەی کە شۆرشی کریکاری (نەک هەر شۆرشێک) تاقە ریگایە بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی، بەشداری هەلبژاردن دەکەین. وەکو وتم ئەمە ڕێگایەکی کارسازترە بۆ روونکردنەوەی بەرچاوی خەڵک تەنانەت بەرامبەر بە پەرلەمانتاریزم. چۆن دەکرێت ئەمە ناوبنرێت وازهینان لە شۆرشی کریکاری؟! ئاخر بێجگە لە شۆرش، خەبات بۆ بچوکترین ئالوگۆریش لە ژیان و گوزەرانی کریکاران و جەماوەری زەحمەتکێش، زیادکردنی پارچە نانێکیش بۆسەر سفرەی ئەوان، هەر وەکو شۆرش بەشێکی گرنگ و جیانەکراوەیە لە خەباتی کۆمۆنیزم. بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ لە هەموو مەیدانیکدا بجەنگین.

بنەمای ئەم تیروانینەی چەپ هەتا تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە لە شۆرش، بەشداری لە هەلبژاردن ئەلتەرناتیوی شۆرش نیە و نابێت. خۆ شۆرش و هەلومەرجی شۆرشگێرانە هەموو رۆژێک و بە ویست و ئیرادەی ئیمە و هیچ کەس و هیچ حزبێک روونادات، تا لەبەرامبەر هەر خولێکی هەڵبژاردندا بانگەوازی بۆ بکەین. شۆرش وەکو بومەلەرزە لە ناکۆکیەکانی دەرونی کۆمەڵگاوە هەڵدەقولێت. رۆڵی ئەحزابی سیاسی لەوێوە دەستپێدەکات کە هەلومەرجە شۆرشگیرانەکە قوڵکەنەوە رەوتی شۆرش بەرێبخەن و ئاسۆی سۆسیالیستی بەسەریدا زال بکەن و ئاراستەکەی بەبارێکی دروستدا بەرەوپێش بەرن. تەنها بۆچونێکی دروست و کۆمۆنیستی لەم پەیوەندەدا ئەوەیە کە لە هەلومەرجی شۆرشگێرانەدا، واتە لەو هەلومەرجەدا کە کۆمەڵگە لەسەر لیواری ئالوگۆری شۆرشگێرانە قەراری گرتوە، ئەو هەلومەرجەی کە دەڵێ چیتر سەرەوە ناتوانی بەوجۆرە حوکمڕانی بکات و خوارەوەش بەوجۆرە قوبولی ناکات، ئیتر بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی رەنگە بەباری لەباربردنی هەلومەرجە شۆرشگێرانەکە کاریگەری دابنێت. بۆیە لەوکاتەدا کە شۆرش وەکو کاری رۆژ دێتە دەستورەوە، ئیتر تاکتیکی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا بۆ کۆمۆنیزم مەوزوعیەتی نامێنێ. ئەوکاتەش بانگەوازەکەت نابێ ئەوەبێ بەخەڵک بڵێی: خەڵکینە لەمالەوە دانیشن و بایکۆتی بکەن. بەلکو بانگەوازبێت بۆئەوەی کەمپینی هەلبژاردن و سندوقی دەنگدان و هەموو شێک هەڵپێچن و رەوتی شۆرش بەرەوپێشبەرن.

بە بڕوای من جگە لە هەلومەرجی شۆرشگێرانە یان لەو هەلومەرجەدا کە خەباتی سیاسی و جەماوەری پەرەیگرتوە و خەڵکی کریکار و زەحمەتکێش لەئاستی فراواندا دژی دەسەلات لە مەیداندان، یان جگە لەو حالەتانەی کە هۆکارێکی تایبەتی دیاریکراو هەبێت، بۆ نمونە وەکو ئەو هۆکارەی کە ئەمجارە ئیمە ناتوانیین بەشداری بکەین، ئیتر تاکتیکی دروست لەڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە بەشداریکردنە نەک بایکوت. من دەزانم بۆچونی بایکوت بەشێکی پشتی بەستوە بە عەیب و عارە بێشومارەکان و نمایشیبونی هەڵبژاردن لە عێراق و کوردستاندا، بەڵام هێشتاش ئەگەر بەراوردی بکەی، سیستەمی پەرلەمانی و هەڵبژاردن بەوجۆرەش کە لیرە هەیە، لەگەل هەموو ناوەرۆکی کۆنەپەرستانە و بۆرژوازیانەی خۆی، لەچاو دیکتاتۆریەتی فەردی و عەسکەری، خراپیەکەی کەمترە. هەتا ئەگەر ئەو پەرلەمانە دەسەلاتێکی ئەوتۆشی نەبێت، تەنانەت ئەگەر رۆڵەکەی راوێژکاریش بێت.

لە روسیا کاتێک بەلشەفیەکان بە رابەری لینین لە هەلبژاردنی دۆما بەشداریان دەکرد، دۆما تەنها رای راویژکاریی هەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا تزار دەیتوانی هەرکات بیەوێ هەڵیوەشێنێتەوە و دۆمای دووەمیشی هەڵوەشاندەوە. دەنگدانیش هیچجۆرە یەکسانی و دادپەروەریەکی تیا نەبوو. بە دەیان هەزار کریکار و جوتیار، تەنانەت زیاتر لە سەدەهەزار کەس، یەک نوینەر و لە بەرامبەردا هەر چەند سەد خاوەن موڵکێک یەک نوێنەریان هەبوو، هەتا خاوەن موڵکە گەورەکان بەبێدەنگدان دەبوون بە ئەندامی دۆما. هێشتا دەبوایە بەلشەفیەکان بەڵێننامەی وەفاداری بۆ تزار پربکەنەوە و ئەوەشیان دەکرد بۆئەوەی ڕێگای بەشداریان پێبکرێت. ئەوان هەم شەڕ و هەم سازشیان دەکرد بۆئەوەی ڕێگایان بدەن بەشداریبکەن. ئەوەش روونە کە ئەوان خۆشباوەر نەبون بە دۆما، کەڵکیان لە هەڵبژاردنی دۆما وەردەگرت بۆ تەبلیغکردنی پلاتفۆرم و بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆیان و دەرفەتی کاری قانونی.

کۆمۆنیزم لەم روانگەیەوە دەبێ کەڵک لەم دەرفەتانە وەرگرێت بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەی کاری خۆی. بەبڕوای من دەبێ شەڕی کۆمۆنیزم لەسەرئەوەبێت کە مافی بەشداریکردنی پێبدەن، نەک دەرگای بۆ بکەنەوە، بەلام خۆی بایکۆتی بکات. من سەیرم لەوە دێت ئەگەر لەم ولاتەدا ٧-٨ ساڵ هەڵبژاردن نەکرێت و راستەوخۆ هەموو دەسەلاتەکان بەبێ ئەملاوئەولا بچێتەدەستی تالەبانی و

بەرزانیەکان، واتە پەرلەمان بە نەخشە ڕواڵەتییەکەشی نەمێنێ، چەپ قسەیەکی نیە و لەمبارەیەوە دەنگی لێوە نایات، کەچی هەرکەوتیان هەڵبژاردنە بۆ پەرلەمان، دەنگی لێبەرز دەبێتەوە و دژی دەوەستێتەوە!

بەبڕوای من بەشداری لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ڕێگایەکی کاراترە هەتا بۆ ڕەواندنەوەی ئەو خۆشباوەڕیە زۆرەی کە لەجیهانی ئەمڕۆدا بەرامبەر سیستەمی پەرلەمانی هەیە. لنیین لە وتارێکدا لە کۆنگرەی دووەمی ئەنتەرناسیۆنالیستی بە ناوی "سەبارەت بە پەرلەمانتاریزم" دەڵێ: "دەبێت هەمان ئەو چەکەی چینی بورژوازی بەکاری دەهێنێت لەخەباتدا لەلایەن پرۆلیتاریاشەوە بەکاربهێنرێت، بەڵام بێگومان بۆ ئامانجێکی تەواو جیاواز.......سەرجەم ئەو توێژانە وابیردەکەنەوە کە بەرژەوەندیەکانیان لەناو پەرلەماندا نوێنەرایەتی دەکرێت. دەبێت لەڕێی کاری ناو پەرلەمان و ئاشکراکردنی حەقیقەتەکانەوە بەرەنگاری ئەو فکرە ببینەوە، تاوەکو بتوانین حەقیقەت نیشانی کۆمەلانی خەلک بدەین. تیئوری هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر کۆمەلانی خەلکی.... ئەوان پێویستیان بە ئەزمونی پراتیکیە".

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لەم دۆخ و فەزایەی پەرلەماندا ئەگەر کاندیدە کۆمۆنیستەکان بشڕۆنە ناو پەرلەمان، ئەگەری ئەوە هەیە دوای چەند دانیشتن و تێپەڕینی پرۆژە یاسای کۆنەپەرستانە، دوای چەندجار وەستانەوە بەرامبەر ئەوانە، ڕەنگە فراکسیۆنی کۆمۆنیستی ڕاستیەکانی ناو هۆڵی پەرلەمان بۆ خەڵک روون بکەنەوە و کشانەوە لە پەرلەمان ڕابگەیەنن. بۆ خەڵکی روونبکەنەوە کە چۆن پەرلەمان دژی بەرژەوەندی جەماوەری چەوساوە کاردەکات. ئەو کردەوە و هەڵویستە بە ئەندازەی دنیایەک پروپاگەندە کاریگەریی دەبیت لەسەر رونکردنەوەی بەرچاوی خەڵک و ڕەواندنەوەی خۆشباوەری بە سیستەمی پەرلەمانی. نازانم چۆن دەکرێت ئەم هەموو کێشمەکێش و چالنجەی بورژوازی بە بەراورد لەگەڵ بایکۆت، بە سازش هەژمار بکرێت؟! ئاخر چ شتێک لەوە ئاسانترە واز لەم هەموو کار و بەرامبەرکێیە بهێنی، بە بەیانێک بایکۆتی بکەیت و کارەکە لەکۆڵ خۆت بکەیتەوە و لە ماڵەوە دانیشی و هەموو مەیدانەکە بۆ رەوتە بورژوازیەکان چۆڵ بکەی، پێشتوابێت کاریکی گرنگ و هەڵویستێکی رادیکاڵت نواندوە؟ ئەوان هیواو ئارەزو و هەڵویستە ئایدۆلۆژیەکانی خۆیان لێ دەبێت بە واقعێکی ئۆبجێکتیڤ. بەڵام ئەمە لە مەیدانی واقعی کۆمەڵگادا هیچ جێگا و کاریگەریەکی واقعی نیە.

**ئۆکتۆبەر: کەسانێک هەن دەڵێن کە ئەگەر حزب نفوزی لەناو جەماوەردا هەبوایە، ئەوکاتە بەشداری هەڵبژاردنی بکردایە، دەیتوانی دەنگێکی باش بهێنێت و چەند نوێنەرێک بنێرێتە پەرلەمان، لە بوونی ئیمکاناتی وادا دەتوانرا لە پەرلەمان کارێک بکەن لە بەرژەوەندی خەڵک و چینی کرێکار، بەڵام لەم دۆخەی ئێستای هەڵبژاردندا ئەمە ئیمکانی نیە، ئەگەر خەیاڵی نەبێ؟ ئەحزابی میلیشیایی کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردوە، دەتوانن خەڵک بترسێنن، تەزویر بکەن، دەنگ بکڕن، میدیای بەهێزیان هەیە، تەنانەت پشتیوانی وولاتانیان هەیە، چۆن دەکرێ حزبێکی کۆمۆنیستی رادیکاڵ لەناو ئەم فەزایەدا دەنگ بهێنێت و بچێتە ناو پەرلەمان؟**

ڕێبوار ئەحمەد: وەڵامی ئەم پرسیارە بەرای من گرنگترین بەشی ئەم تاکتیکەیە. بەدەستهێنانی کورسی و ئەنجامدانی کارێک لەناو پەرلەمان بۆ بەرژەوەندەی چینی کریکار و خەڵک، کۆتا شتە کە بیری لێبکرێتەوە، مەسەلەی سەرەکی ئێمە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمان نیە، بەڵام هەروەکو لە بەیاننامەی هەردوو حزبدا هاتوە، گرتنەبەری ئەم تاکتیکە ئێمە دەخاتە ناو ئەرکێکی قورس و کێشمەکێشێکی نابەرابەرەوە لەگەڵ حزب و لایەنە بورژوازیەکاندا. ئێمە ئەو راستیە دەزانین کە ئەوان هەموو داهاتی کۆمەلگایان بەدەستە، کە هەم پروپاگەندەی هەڵبژاردنی پێدەکەن و هەم بەرتیل دەبەخشێننەوە. ئاشکرایە جۆرەها ساختەکاری دەکەن، دەنگی میلیشیا و هێزی تایبەت و فەرمانبەرانی سەر میلاکی خۆیان هەیە، بەمجۆرە هەرلەپێشەوە بەشێکی زۆر لە کورسیەکانیان مسۆگەرکردوە، دەزانیین جۆرەها ساختەکاری تریش دەکەن. دەزانیین وەکو هەڵبژاردنی شارەوانیەکانی سلێمانی ١٩٩٩ دەنگە واقعیەکانی ئێمەش دەدزن، بۆیە دەزانین ئەمە ئەرکێکی قورس و چالنجێکی زۆر سەختە، بەڵام سەرباری ئەمانە، ئەگەر دەرفەتی بەشداریمان هەبوایە، دەمانویست لەم سەنگەرەشدا بەرامبەریان بگرین. بێگومان لەوکاتەدا هەموو هەوڵی خۆمان دەدەین بۆئەوەی خەڵکی ناڕازی، ئەو خەلکەی تا ئێستا بایکۆتیان دەکرد، قانع بکەین برۆن بۆ دەنگدان و دەنگ بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بدەن.

دەربارەی بەدەستهێنانی کورسی و کاری ناو هۆڵی پەرلەمان، وەکو وتم مەسەلەی سەرەکی نیە. ئێمە دەنگ بهێنیین یان نەیهێنیین، دەمانەوێ لە پرۆسە و کەمپینی هەڵبژاردندا بەشداری بکەین، هەم بۆ گەیاندنی پەیام و پلاتفۆرم و بەرنامەی خۆمان و ناساندنی رابەران و کەسایەتیەکانی خۆمان بە خەڵک هەم بۆ پەردەهەڵماڵین لەسەر رووی بەدیلە بورژوازیەکان. ئێمە دەمانەوێ لەو ڕۆژگارەی کە پروپاگەندەی بورژوازی گوێی کۆمەڵگای کەرکردوە و سەرنجی خەڵک لەسەر بەدیلە جۆراوجۆرەکانە، بەدیلی کرێکاریی و کۆمۆنیستیش ئامادەیی هەبێت و لەبەرچاوبێت.

وەکو پێشتر باسم کرد دەنگدان برگەیەکی زۆر کورتە لەم پرۆسەیە. بۆ هەرکەسێک کاری چەند خولەکێک لەو پرۆسە درێژە پڕ لە چالنجەیە. ئەمجارە بۆمان نەکرا و نەمانتوانی، بەڵام بەڕاستی ئەگەر ئێمە لە خولێکی هەڵبژاردندا بەشداری بکەین، ئەوەی لەبەرچاوی منە بۆ

کەمپینی هەڵبژاردن، لایەن و مەسەلەی سەرەکیە لەم تاکتیکەدا. من بەم ڕوانگەیەوە لەپشتی ئەم تاکتیکەم، ئەگەر ئەم کارە بەمجۆرە نەکرێت، هەر لەسەرەتاوە نەکرێت باشترە.

ئەمە هەرگیز کاریکی رۆتین نیە. لە پێشدا دەبێ بە بەهێزترین کاندیدەکانمان بەشداری بین، پاشان گریمان یەک مانگ دانراوە بۆ ئەو کەمپینە، دەبێ لە دۆستێکی حزبەوە تا سکرتێر و سەرۆکی مەکتەبی سیاسی، ئەو مانگە هەموو لە کوردستان و ئامادەباش بن، ئەوەی نوسەرە بنوسێ، ئەوەی خەتیبە وتار بدات، ئەوەی سمینار دەگرێ، بیگرێت، ئەوەی هونەرمەندە هونەرەکەی بنوێنێ، ئەوەی کۆمەڵایەتیە سەردانی خەڵک بکات، هیچکەس بیکار دانەنیشێت، رۆژانە لەچەندین لاوە و لەچەندین شار و گەرەک و ناوەندەوە میتینگ بەرپابکەین، بەئاسانی ناتوانن لەو فەزایەدا ڕێگریمان لێبکەن یان کێشەمان بۆ سازبکەن، یان هەر چۆنیک بێت فەزایەکی لەبار هەیە بۆ ئەم کارە.

دەبێ لەم دەرفەتەدا کە هەموان دەربارەی هەڵبژاردن و بەدیلە جیاوازەکان قسە دەکەن، هەوڵدەین لە ناوەندە کریکاریەکان، کرێکارانی هوشیار و پێشڕەو لە دەوری پلاتفۆرمی رادیکاڵ و کریکاری حزب کۆبکەینەوە، دەربارەی ئەوەی کریکاران چیان دەوێ؟ پرۆسەیەکی باس و جەدلی گەرم بەرێبخەین کە کۆمەک بکات بە چوونەسەری هوشیاری و یەکیتی ریزی کریکاران لە دەوری ئاڵایەکی سیاسی کۆمۆنیستی. دەربارەی پلاتفۆرم و سیاسات و ئامانجەکانی حزب، دەربارەی پەرلەمان و پەرلەمانتاریزم، ڕوانگەی خۆمان بۆ خەڵک روون بکەینەوە، روونی بکەینەوە بۆ دەمانەوێ بڕۆینە ناو پەرلەمان، رەخنەمان لە پەرلەمان و لایەنەکانی تر و لە کۆمەڵگای سەرمایەداری چیە؟ روانگەمان بۆ خەباتی چینایەتی و ئازادی ژنان و بەختەوەری خەڵک و هیواکانی لاوان و ...هتد بۆ خەلک باس بکەین.

ئەوەی لەبەرچاوی منە دەبێ سەرجەم سەدان کۆبونەوە و میتینگ و کۆڕی گفتوگۆ لەگەل خەلک بکەین، سەربکەین بە هەموو کون و کەلەبەریکدا. ئیمە با ئەم کارە بکەین، ئیتر بەدەستهێنانی کورسی لەچاو بەرهەمی ئەم کارە بایەخێکی ئەوتۆی نیە. کاریکی بەمجۆرە بەرادەی چەندین ساڵی کاری رۆتین حزب دەباتەپێشەوە. من هیچ دوودڵیەکم لە دروستی و کۆمۆنیستی بونی ئەم تاکتیکە نیە، بەلام بێگومان نیگەرانی ئەوەشم هەیە کە کەمپینەکەمان بریتی بێت لە دەرکردنی جەریدە و بەیان و لافیتە و کۆری چەپچپ و ..هتد. کە ئەمە ئەلگوی شکستە و هیچ پەیوەندی بەم تیراونینەی من و تاکتیکی بەشداریەوە نیە.

تائەوجێگایەی بە مەسەلەی کورسی و چوون بۆناو پەرلەمان دەگەرێتەوە، ئەگەر تەواو دڵنیابین لەوەی کە یەک کورسیش ناهینین، نابێت یەک زەرە دودڵیمان لەم کارە هەبێت. بێگومان ئەگەر ئەم کارانە بەباشی بکەین بۆ بەدەستهێنانی کورسیش رۆلی گرنگی دەبێت. بەلام دیسان دەڵێم خودی ئەم کارانە گرنگە. ئەگەریش نیازی ئەوەمان نەبێت ئەم کارانە بکەین، کەواتە جیاوازی نیە لەگەل بایکۆت. دەمەوێ قسەکانم بە رستەیەکی لینین کۆتاییبهینم دەربارەی خەبات دژی خۆشباوەری بەرامبەر پەرلەمانتاریزم. لینین لە هەمان وتاری کۆنگرەی دوەمی ئەنتەرناسیۆنالدا دەڵێ "ئیمە ناچارین خەباتیک لەچوارچێوەی پەرلەماندا بەرپابکەین تاوەکو بتوانین پەرلەمان لەناوبەرین".

★

**لە بەرنامەی دنیای باشتر( بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریەوە، ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکان:**

**قسەکەرانی سەرمایەداری ڕێزدانان بۆ مافە فەردی و مەدەنیەکان بە خەسڵەتی جیاکەرەوە و بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی نیزامەکەی خۆیان لە قەڵەم دەدەن. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە لە نێو ئەو پێنج میلیار ئینسانەی کە ئەمڕۆ لەژێر سایەی حوکمڕانیی سەرمایەدا دەژین، تەنها ڕێژەیەکی زۆر کەم دەکرێ پەیدا بکرێت، ئەویش لە ژمارەیەك وڵاتی دیاریکراودا، کە لە جۆرێك مافی فەردی و مەدەنی پێناسەکراو و تاڕادەیەك جێکەوتوو بەهرەمەندن. بەشی زۆربەی هەرەزۆری خەڵك لە دنیای سەرمایەداریدا، بریتیە لە بێمافیی سیاسی کەم تا زۆر ڕەها، دەوڵەتانێکی ملهوڕ و سەرکوتگەر و تیرۆریزم و زەبروزەنگی نەخشەمەندانەی دەوڵەتی. جگە لەمەش، لە خودی وڵاتانی پیشەسازیی ئەورووپای ڕۆژئاوا و ئەمریکاشدا مافە فەردی و مەدەنیەکانی جەماوەر نەك هەر بە بەراورد لەگەڵ ئەو ئازادیانەی کە ئینسانی ئەمڕۆ خوازیارێتی زۆر کەمە و بەپەنجەکانی دەست دەژمێردرێ، بەڵکو لە جەرگەی یەخسیریی ئابووریی کۆمەڵانی خەڵکی کرێکار بەدەست سەرمایەوە و گرێخواردنی ماف و ئازادی بە خاوەنداریتیەوە، ئەم مافانە هیچ مانایەکی مادی و جدییان بۆ نەماوەتەوە. سەرەنجامیش، ئەزموونی ژیانی خەڵك لەم وڵاتانە لە سەردەمەکانی قەیران و تەنگانە ئابووریەکاندا بە ڕۆشنی نیشانی داوە کە مانەوە و تەمەنی هەر ئەم مافە کەموکورت و فۆرماڵیانەش پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جێۆشوێنی ئابووریی چینی سەرمایەدارەوە هەیە و هەرکاتێك ئەم مافانە بووبێتنە کۆسپ لە بەردەم قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا، بە سادەیی کەوتوونەتە بەر پەلاماری دەوڵەت و چینی دەسەڵاتدار.**

# چاوپێکەوتن لەگەڵ سەمیر عادل
## سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، سەبارەت بە:
## سیاسەتی حزب سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥

**ئۆکتۆبەر: دەمانەوێ سەرەتا لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین کە بۆچی دوای ساڵانێکی زۆر لە بایکۆت و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، بڕیاری بەشداریکردنتان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دا؟ چی گۆڕاوە؟ سیاسەتی حزب بەرامبەر بە هەڵبژاردن و پەرلەمان یاخود کارکردی پەرلەمان؟**

سەمیر عادل: سەرەتا دەمەوێت جەخت لەوە بکەمەوە کە هەڵوێستی مەبدەئیمان پشتیوانیکردنە لە هەر پرۆسەیەکی دیموکراسی کە ڕێگا بۆ جەماوەر بکاتەوە بۆئەوەی هەڵبژاردنی سیاسیی هۆشیارانە و ئازادانە بکات. لەم ڕوانگەیەوە ئەڵتەرناتیڤی سیاسی ئێمە سیستەمێکی شورایە کە فراوانترین فەزای دیموکراسی ڕاستەوخۆ لە بنەڕەتەوە تا ئاستە باڵاکانی کۆمەڵگا دابین دەکات.

دووەم: مێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی پەرلەمانی بۆرژوازییەوە، ڕێگری لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا نەکردووە. وە سێیەم: بۆ ئێمە هەم بەشداریکردن و هەم بایکۆت تاکتیکی سیاسیین. ئێمە لەبارەی سروشتی بۆرژوازی پەرلەمانەوە هیچ خۆشباوەڕییەکمان نیە، بەڵام هەڵبژاردنی هەریەک لە بژاردەکان پەیوەستە بە هەلومەرجی سیاسییەوە.

گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەت: بەڵێ گۆڕانکاری لە سیاسەتی حزبدا بەرامبەر بە هەڵبژاردن ڕوویداوە، بەڵام دەرئەنجامی گۆڕانی واقیعی سیاسی یان خودی ژیانی پەرلەمانی نییە. پێشتر هەوڵمان دا بەشداری هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥ بکەین، بەڵام لەگەڵ هێزەکانی دیکە لەسەر بەرنامەی هەڵبژاردنی هاوبەش نەگەیشتینە ڕێککەوتن. ئێمە لە ساڵی ٢٠١٠ لەژێر ناوی لیستی "ئازادی و یەکسانی" هەوڵماندا، بەڵام نەمانتوانی بچینە ناو هەڵبژاردنەوە. بەواتایەکی تر بەشداریکردن بۆ ئێمە قەدەغە نەبووە، بەڵام بەربەست هەبوون کە پێشتر ڕێگریان دروست دەکرد.

**ئۆکتۆبەر: ئەگەر پێتانوایە هیچ شتێک لە پەیوەست بە ڕوانگەی ئێوە بۆ پەرلەمان و هەڵبژاردن نەگۆڕاوە، ئایا چۆن ئەم گۆڕانکاریانە لەپەیوەند بە سیاسەتی حزبەوە بەرامبەر بە هەڵبژاردن و پەرلەمان لێک دەدەیتەوە؟ ئایا هەڵوێستتان لە رابرووردا هەڵەیەکی تێدا بووە، یاخود چی وایکردووە کە ئەو هەڵوێستە وەربگرن؟ پێداچوونەوەیەک بە سیاسەتی تاکتیکی حزبدا ڕوویداوە؟**

سەمیر عادل: مەسەلەکە هەڵسەنگاندنی ئەوە نیە کە ئێمە ڕاست بووین یان هەڵە، بەڵکو خوێندنەوەیەکی سیاسییە بۆ کاریگەریی هەریەکە لە بایکۆتکردن یان بەشداریکردن. هەندێک ئەمڕۆ بایکۆتکردن بە هەڵە دەزانن، هەندێکی تریش بەشداریکردن بە هەڵە دەزانن. ئەمە مشتومڕێکی بێسوودە. جەوهەری مەسەلەکە بریتیە لە : کام سیاسەت خزمەت بە بەرژەوەندی چینی کرێکار و جەماوەر دەکات؟ بۆمان دەرکەوت کە سیاسەتی بایکۆت بزووتنەوەکەمانی بەرەو پێشەوە نەبرد و گۆڕەپانێکی گرنگی خەباتی سیاسی بەتەنیا بۆ بۆرژوازیدا بەجێهێشت و جەماوەری لە هەر جۆرە هیوایەک بۆ گۆڕانکاری بێبەشکرد. لەبەرئەوە تاکتیکمان بەرەو بەشداریکردن گۆڕی، چونکە بایکۆت نەیتوانی تەنانەت وەڵام بە کەمترین پێداویستییەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشیش بداتەوە. ئێستا ئەگەر بۆمان دەرکەوتبا



بایکۆت قەیرانی شۆڕشگێڕی و قەیرانی سیستەمی سیاسی دەسەڵاتدار قووڵتر دەکاتەوە، یان هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزووتنەوەکەمان و جەماوەر دەگۆڕێت، پەنامان بۆ بایکۆت دەبرد. کۆمۆنیزم دەبێت داهێنان بکات لەبواری میکانیزمی کارکردن و دۆزینەوەی ڕێگای نوێ بۆئەوەی ببێتە بەشێک لە هاوکێشەی سیاسی و هێزنواندنی سیاسی.

**ئۆکتۆبەر: سەرەڕای ئەوەی کە حزبە بۆرژواییەکانی دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن تەنها بژاردەی هەڵبژاردن و پەرلەمان دەخەنەبەردەم کۆمەڵگا بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوری....تاد. بەڵام لە کردەوەدا، پەرلەمان و هەڵبژاردن هیچ جێگایەکی نەبووە لە دەستراگەیشتنی خەڵک بەگشتی بە هیچ کام لە مافەکانیان، بەڵکو هەمیشە فشاری دەرەوەی پەرلەمان بەورادەیەی کە کاریگەری هەبووە توانیویەتی شتێک لە بەرژەوەندی خەڵک بگۆڕێت، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی خەڵک بێئومێد بوون لە هەڵبژاردن و بەردەوام ڕێژەی بایکۆت بەرەو سەردەچێت. ئێوە چۆنە لە دۆخێکی وادا تازە باسی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا**

**دەکەن؟**

سەمیر عادل: دەمەوێت جەخت لەسەر خاڵێکی گرنگ بکەمەوە: ئێمە پۆپۆلیست نین و سەر بە هیچ بزووتنەوەیەکی پۆپۆلیستیش نین. بەواتایەکی تر هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بە بەشداریکردن یان بایکۆت لەسەر بنەمای مەزاجی جەماوەری دیاری ناکرێ. بڕیاری بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا وەک هەر تاکتیکێکی تر پێویستی بە ئامادەکاری هەیە. ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو شتێک لەناو خۆماندا دەبێت بگۆڕێت و لە سەرووی هەمووشیانەوە دەبێت لەخۆمان بڕوانین: چۆن خۆمان وەکو بژاردەیەک دەخەینە بەردەم چینی کرێکار و جەماوەری تامەزرۆیی ئازادی و یەکسانی؟ پێویستە کۆمۆنیزم لە پراکتیکدا بەرجەستە بکەین و بیگۆڕین بۆ یەکێک لە بژاردەکانی کۆمەڵگا. پێویستە وەک هەر بژاردەیەکی تر کۆمۆنیزم بخەینە بەردەم جەماوەر. ئەگەر ئەمە میتۆدۆلۆژیای ئێمە بێت، ئەوا دەبێت میکانیزم و کەناڵەکان بدۆزینەوە بۆ گۆڕینی کۆمۆنیزم بۆ واقیعێکی بەرجەستە کە جەماوەر بتوانێت بەدەستیەوە بگرێت بۆئەوەی بگاتە کەناری ئارام.

**ئۆکتۆبەر: ئەم هەڵوێستەی حزب سەبارەت بە هەڵبژاردن لەلایەن کەسانێکەوە جێگای پێشوازی و بەڕادەیەک پێگەیشتووی سیاسی ناوبراو و لەلایەن کەسانیکیشەوە وەکو پشتکردن لە سیاسەتە ڕادیکاڵە کۆمۆنیستیەکان و خزان بەرەو سازش و خۆ گونجاند لەگەڵ سیاسەتەی بۆرژواییەکاندا لێکدرایەوە؟ ئێوە لەمبارەوە چی دەڵێن؟ ئایا حزب وازی لە شۆڕش و شۆشگێڕێتی کۆمۆنیستی هێناوەو بەرەو پەرلەمانتاریزم ئاراستەی سیاسی خۆی گۆڕیوە؟ ئەگەر بەو قورسیەش ناوی نەبەن لانی کەم بە سیاسەتێکی هەڵەی دەزانن کە حزب تێی کەوتوە؟**

سەمیر عادل: بە لۆژیکی ئەو کەسانەی کە ڕەخنە لە هەڵوێستی ئێمە دەگرن سەبارەت بە بەشداریکردن و گوایە هەڵگری ئاڵای "مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس"ن، ئەوا پشتیوانی مارکس و ئەنگلس بۆ بەشداریکردنی سۆسیال دیموکراتەکان لە پەرلەمانی ئەڵمانیا لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، " سازشێکی تاکتیکی" بووە، هەروەها بەشداریکردنی بەلشەفیکەکان لە دوما دوای شۆڕشی ١٩٠٥.

مەنسوور حیکمەت لە سیمیناری یەکەم و دووەمی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا دەڵێ: کاتێک چینی کرێکار بەشداری هەڵبژاردنی پەرلەمانی دەکات لە وڵاتانی دیموکراسی بۆرژوازیدا، بۆئەوەیە چونکە دەیەوێت گۆڕانکاری لە ژیانی خۆیدا بکات و داهاتووی خێزانەکەی دابین بکات. ناتوانرێت لۆمەی چینی کرێکار بکرێت لەبەرئەوەی دەچنە سەر سندوقەکانی دەنگدان، چونکە زۆر بەسادەیی کۆمۆنیزم بژاردەیەک نەبوو لەبەردەمیاندا تا هەڵیبژێرن. چینی کرێکار چاوەڕوانی "سەرهەڵدانی کۆمۆنیزم" ناکات، هەروەها تەنها وەکو چاودێرێک و گوێگرێکی ئامۆژگارییە فیکری و سیاسییەکانی دەرەوە نامێنێتەوە، کە داوایان لێدەکەن "پوختەیی ئایدیۆلۆژی" و " بێخەوشی فیکری" بپارێزن. کرێکاران بیمەی تەندروستی، بیمەی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی باجیان دەوێت.

لەواقیعدا ئەم جۆرە ڕەخنەیە هەوڵێکە بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگا و رازیبوون بە بڵاوکردنەوەی ئامۆژگاری و وتاردان. ئێمە هیچ پێوانەیەکمان بۆی نیە و ئەمەش دەتوانرێت ئەم کۆمۆنیزمە هەموو شتێک بێت بەڵام بە دڵنیاییەوە کۆمۆنیزمی مارکس نەبێت!

**ئۆکتۆبەر: کەسانێک هەن دەڵێن کە ئەگەر حزب نفوزی لەناو جەماوەردا هەبوایە، ئەوکاتە بەشداری هەڵبژاردنی بکردایە، دەیتوانی دەنگێکی باش بهێنێت و چەند نوێنەرێک بنێرێتە پەرلەمان، لە بوونی ئیمکاناتی وادا دەتوانرا لە پەرلەمان کارێک بکەن لە بەرژەوەندی خەڵک و چینی کرێکار، بەڵام لەم دۆخەی ئێستای هەڵبژاردندا ئەمە ئیمکانی نیە، ئەگەر خەیاڵی نەبێ؟ ئەحزابی میلیشیایی کۆنترۆڵی هەموو شتێکیان کردوە، دەتوانن خەڵک بترسێنن، تەزویر بکەن، دەنگ بکڕن، میدیای بەهێزیان هەیە، تەنانەت پشتیوانی وڵاتانیان هەیە، چۆن دەکرێ حزبێکی کۆمۆنیستی رادیکاڵ لەناو ئەم فەزایەدا دەنگ بهێنێت و بچیتە ناو پەرلەمان؟**

سەمیر عادل: سوپاس بۆ ئەم پرسیارە. لەچەندین بۆنەی پێشوودا وەڵامم داوەتەوە. با دوو پرس جیا بکەینەوە: یەکەمیان پەیوەندی بە بارودۆخی ئێستاوە هەیە، دووەمیان پەیوەندی بە پشتیوانی جەماوەرەوە هەیە.

سەبارەت بە پرسی یەکەم، چاوەڕوانی هەلومەرجی "ئایدیاڵ" بۆ بەشداریکردن- بەبێ بوونی میلیشیاکان و لە بوونی کەشێکی تەواو دیموکراسیدا، لانیکەم هاوشێوەی بەریتانیا- خۆشخەیاڵیەو ڕەنگدانەوەی تێنەگەیشتنە لە میکانیزمەکانی ئابووری سیاسی بۆرژوازی. هاوکات هەوڵێکە بۆ بەستنەوەی کۆمۆنیزم وەک ئەوەی لەناو دەفرێک بکرێ بۆ مۆمیاکردن، بۆ داپۆشینی بێتوانایە لە تێگەیشتن لە کۆمۆنیزم وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری ڕاستەقینە.

دۆخی سیاسی عێراق لەخۆیەوە ناگۆڕێت؛ ناتوانین چاوەڕوانی نەمانی میلیشیاکان یان سەرهەڵدانی ئازادیە سیاسییە ڕاستەقینەکان بکەین تەنها بە یەک مەرج نەبێت، کە دواتر باسی دەکەم. سیستەمی سیاسی بۆرژوازی دەسەڵاتدار لە عێراقدا لەلایەن سەرمایەداری جیهانی و زلهێزە ئیمپریالیستەکانەوە پاڵپشتی دەکرێت و ئەمریکاش پێگەی پێشەنگی تێیدا هەیە. پێگەی عێراق لە بەشی سەرمایەداری جیهانیدا بەپلەی یەکەم لەسەر بەرهەمهێنانی نەوت و دابینکردنی بازاڕێکی کاری هەرزان بۆ کەڵەکەکردنی سەرمایە دامەزراوە. ئەمەش

⇦

پێویستی بە دەسەڵاتێکی پاوانخواز و سەرکوتگەر هەیە کە گەرەنتی هێزی کاری هەرزان و بەردەوامی ڕۆیشتنی نەوت بکات. ئەو سەرکوتکردنەی دژی خۆپیشاندانە ئاشتیانەکان بەڕێوەدەبرێت، بەشێکە لە دەستەبەرکردنی مەرجەکانی پاراستنی سەرمایە و پێگەی عێراق لە بازاڕی جیهانیدا.

سەرمایەداری جیهانی نارەزایی نییە لە بوونی میلیشیاکان تائەوکاتەی خزمەت بە بەرژەوەندی سەرمایە بکەن. بەڵام کاتێک میلیشیاکان سەقامگیری بازاڕی سەرمایەداری تێکدەدەن و هەرەشە لە نفوزی سیاسی و ئابووریی ئیمپریالیزم دەکەن، ئەوکات نیشانەی پرسیار لەسەریان دروست دەبێت. هێزە سەرمایەدارییە جیهانی و ناوخۆییەکان هەوڵی قۆرخکردنی توندوتیژی دەدەن بۆ بەرژەوەندی دەوڵەت؛ بەمشێوەیە دەوڵەت دەبێتە ئەو قەوارەیەی کە توندوتیژیی پێ سپێردراوە، نەک میلیشیاکان، لەکاتێکدا بەرژەوەندییەکان ئەوە دەخوازێ. بۆیە هیچ دژایەتییەکی ڕاستەقینەمان نەبیست بەرامبەر بەو سەرکوتکردنەی کە حکومەتی سودانی لەدژی خۆپیشاندانی کارمەندانی تەندروستی و بێکاران و مامۆستایانی وانەبێژ ئەنجامیدا. هەروەکو چۆن هیچ بڕیارنامەیەکی نێودەوڵەتیمان نەبینی بۆ سەپاندنی سزا کاتێک یاسای باری کەسی هەموارکرایەوە، چونکە ئەم جۆرە ڕێوشوێنانە کاریگەرییان لەسەر پێگەی ئابووری عێراق ناکەن و قازانجی کۆمپانیا سەرمایەدارییە جیهانییەکان کەم ناکەنەوە. بەڵێ یاداشتی نارەزایەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەورووپاوە دەرچوو، بەڵام ئەمانە تەنها بۆ لابردنی گلەیی و جوانکردنی وێنەی ئەو دوورووییە سیاسییە بوون بەوەی کە وەکو "بەرگریکردن لە دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ". نمایشی بکەن!

پێویستە لەم ڕاستیە تێبگەین: عێراق بەرەو دەوڵەتێکی سەرکوتگەری تائیفی دەڕوات، ناتوانین جەماوەر لە چاوەڕوانیدا جێبهێڵین تا بۆرژوازی " لوتف بکات" بکات و ڕەفتارەکانی بگۆڕێت. ئەمە خۆشباوەڕکردن و سیاسەتێکە بۆ خنکاندنی جەماوەر لەکاتێکدا قامچیان لێدەدرێت، بەڵام دەوری ڕەخنەگرانی "ئۆرتۆدۆکس"مان تەنها بریتی دەبێت لە ژماردنی قامچییەکان!

گۆڕینی ئەم هاوکێشەیە پەیوەستە بە ڕێکخستنی جەماوەرەوە لە هەموو شوێنێکدا- لە گەڕەک و شوێنی کار و کارگە و زانکۆکاندا- و پرچەککردنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بە دیدێکی خەباتگێڕانەی سەربەخۆ و ڕێکخستنی سەرکردایەتیەکانیان. بەبێ ئەمە هاوکێشە سیاسییەکە ناگۆڕێت و توندوتیژی بەردەوام دەبێت، جا بە ناوی "چەکی کۆنترۆڵنەکراو" بێت یان لەڕێگەی ئەو ئامێرانەی دەوڵەتەوە کە حکومەتی سودان دژی جەماوەر بەکاریدەهێنێت.

بەبێ ئەم ڕێکخستنە نفوزی ڕاستەقینەی کۆمۆنیزم بەرجەستە نابێت. لێرەدا پرسی دووەم دێتەپێشەوە. لەسەدا هەشتا و دووی خەڵکی عێراق بایکۆتی سێ هەڵبژاردنیان کرد: هەڵبژاردنی پەرلەمانی ساڵی ٢٠١٨ و ٢٠٢١ و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی ٢٠٢٣، پێویستە بچین بۆ لایان ولە دەرگاکانیان بدەین و کۆمۆنیزم وەک بژاردەیەک بخەینەبەردەمیان. ئەم ڕێژە بەرزەی بایکۆتی جەماوەری بۆ ئێمە دوو مانای دژ بەیەک لەخۆدەگرێت: لە لایەک هۆشیارییەک لە نێو جەماوەردا نیشان دەدات کە هێزە سیاسییە بۆرژوازییەکان نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەکانی ئەوان ناکەن و لەلایەکی دیکەشەوە نەبوونی بەدیلێکی کۆمۆنیستی لەناویاندا ئاشکرا دەکات. ئەوەی کارەساتە، هەندێک لە گرووپە چەپەکان ئەم بایکۆتە دەکەنە بیانوو بۆ پاساوهێنانەوە بۆ گۆشەگیری خۆیان.

بۆیە دەبێت ئەم هەڵبژاردنە وەک دەرفەتێک بقۆزینەوە بۆئەوەی بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆمان بە خەڵک بناسێنین- واتە بەرنامەی عەمەلیی کۆمۆنیزم ئەگەر بچێتە سەر دەسەڵات. بەشداری ئێمە بێمەرج نییە؛ بەڵکو بەشدارییەکی مەرجدارە. ئێمە چەکێکی سپی واژۆ ناکەین. بەشداری ئێمە لەسەر بنەمای ڕێکەوتنێکە لەگەڵ هەر لایەنێک یان قەوارەیەک کە ئەم بەرنامەیە بکاتە بەرنامەی خۆی بۆ هەڵبژاردن و کارکردن لە پەرلەمان، کە بریتییە لە داکۆکیکردن لە مافی کرێکاران و ژنان و گەنجان و زامنکردنی ئازادی سیاسی و فیکری و یەکسانی. ئەگەر ئەو لایەنانە بەرنامەکە پەسەندبکەن، ئێمە پشتیوانیان دەکەین لە گەیشتن بە پەرلەمان. بەڵام ئەگەر لایەنە سیاسییەکان ئەم بەرنامەیە ڕەت بکەنەوە، ئەوا ئێمە بەڕوونی بە ڕای گشتی دەڵێین: ئەم هێزانە بەرگری لە بەرژەوەندی ئێوە ناکەن. ئەوکات بڕیارەکە هی ئێوە دەبێت، هەروەک چۆن ئێمە بڕیارمان دا دەنگی خۆمان نەدەین بەو کەسانەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی ئێوە ناکەن.

★

## پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!

* کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای سزای زیندانی هەتاهەتایی و سێدارەدان!
* کارکردن بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن!

# ڕاگەیاندراوێک لەهەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و کوردستانەوە بۆ لیست وقەوارە سیاسیە بەشدارەکان لەهەڵبژاردنی خولی شەشەمی ١١ی تشرینی دووەم ٢٠٢٥ی پەرلەمانی عێراق!

هەروەک ئاشکرایە کەکەمپینی بانگەشەی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ پەرلەمانی عێراق دەستپێیکردووە کە بڕیارە ١١ی مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت. ئەگەرچی هەردوو حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق، سەرەرای تێبینیە مەبدەئی و سیاسیەکانمان لەسەر هەڵبژاردن بەگشتی و هەڵبژاردن لەژێر سایە دەسەڵاتی میلیشیایی و دابەشکاری قەومی و مەزهەبی و تائیفیدا، بڕیاری بەشداریکردنمان دابوو، بۆئەوەی وەکو مەیدانێکی سیاسی لەڕەوتی خەباتی سیاسی خۆماندا بەدەستیەوە بگرین و وەکو چۆن لە هەموو مەیدانەکانی تردا بەرگریەکی پەیگیرانەمان لە مافەکانی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و کارمەندان و ژنان و لاوان کردوە، بەهەمان نەفەسەوە پرۆسەی هەڵبژاردن و هۆڵی پەرلەمانیش بکەینە مەیدانێکی دیکەی ململانێ و شەڕ لەسەر مافەکان و ئازادی و خزمەتگوزاریەکانی ئەوان، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەندێ کەموکوڕی یاسایەوە سەبارەت بە مەرجەکانی بەشداریکردن لە هەڵبژاردندا، رێگانەدرا ناومان لە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکاندا تۆماربکەین. بەوهۆیەوە دەرفەتی ئەوەمان لە دەستدا کە پەرلەمانیش بکەین بە مەیدانی خەبات لە پێناو ماف و ئامانجەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشدا. بەڵام بێگومان لە دەستدانی ئەم دەرفەتە هیچ لەو راستیە ناگۆڕێ کە حزبەکانی ئێمە چ لە ناو پەرلەمان بن یان لە دەرەوەی پەرلەمان، خەباتی خۆیان بۆ بەرگری لە ماف و داخوازیەکانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەم دیدە، بۆ بەرگری لە مافەکانی ژنان و لاوان، بۆ بەرگری لە ئازادی و خۆشگوزەرانی، درێژەپێدەدەن.

لەسەر ئەو بنەمایەوە، ئێمە بەشداری لەو کەمپینەدا دەکەین کە قەوارە و حزب و لایەنە سیاسیەکان و بەرێیانخستوە بۆ ناساندنی کاندید وبەرنامەی هەڵبژاردنی خۆیان. لەم پەیوەندەشدا ئێمە هەردوو حزب ئەم پلاتفۆرمەی خوارەوە دەخەینەڕوو، هاوکات رادەگەیەنین کە هەر قەوارەو کاندید و حزب و لایەنێکی سیاسی کە ئامادەیە بەندە سەرەکیەکانی پلاتفۆرمەکەی ئێمە بکاتە پلاتفۆرمی خۆی و بەرگری لێبکات وەکو بەرنامەی هەڵبژاردنی خۆی، ئێمە ئامادەین بەپێی بنەمایەکی سیاسی لەگەڵیدا رێکبکەوین بەئامانجی سەرخستنی کاندیدەکانیان.

پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!

١/ کارکردن بۆ گۆڕینی یاسای کاری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١٥ و دەرچواندنی یاسایەکی کاری پێشڕەوانە کە مافە بنەرەتیەکانی چینی کرێکار؛ لە پەیوەند بە ئازادیی رێکخراوبوون، مانگرتن و خۆپیشاندان و بەرەسمی ناسینی نوێنەرایەتی سەربەخۆی کرێکاران لە هەموو مەیدانەکانی پەیوەست بە مافەکانی کرێکارانەوە، دەستەبەر بکات.

٢/ کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسای بیمە کۆمەڵایەتیەکان کە لانی کەمی ژیان بەپێی ستانداردی هاوچەرخ بۆ هاوڵاتیان دابین بکات لەلایەن حکومەتەوە.

٣/ کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئەحوال شەخسی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٢٤ و دەرچواندنی یاسایەکی مۆدێرن لەبواری باری شارستانی و ماف و ئازادیەکانی ژنان.

٤/ کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسای بەرەسمی ناسینی ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕاو رادەربڕین و رۆژنامەگەری و ئازادی خۆپیشاندان و ئازادیی رێکخراوبوون.

٥/ کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بە خوێندنی خۆرایی و ئیلزامی تا تەمەنی ١٦ ساڵ و دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ خوێندنی زانکۆ و خوێندنی باڵا.

٦/ کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای سزای زیندانی هەتاهەتایی و سێدارەدان .

٧/ کارکردن بۆ جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن

٨/ وەستانەوە دژی هەرجۆرە گەندەڵی و تالانکردنێکی داهاتی گشتی و رێگاگرتن لە گرانی و سەپاندنی باجی جۆراوجۆر بەسەر هاوڵاتیاندا

٩/ ....

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری ٢٠٢٥**

## ڕاگەیاندنێك بۆ ڕای گشتی:

# هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان، پشتیوانی خۆیان بۆ خاتوو"سائیرە یوسف عەزیز" کاندیدی سەربەخۆ، لیستی کۆتا، ژمارە ٣٤٢، ڕادەگەیەنن!




لەم ڕێگایەوە هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان و عێراق، پشتیوانی خۆیان بۆ **خاتوو"سائیرە یوسف عەزیز" کاندیدی سەربەخۆ . لیستی کۆتا، ژمارە ٣٤٢"** بۆ هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراق، ڕادەگەیەنن.

بنەمای ئەم هەڵوێستە پاش سازدانی چەند کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان وەفدی باڵای هەردوو حیزب لەگەڵ وەفدی باڵای حیزبی شیوعی کوردستان و بەدەستهێنانی هاوڕایی بووە لەسەر خواستە دەستبەجێکانی جەماوەری ناڕازی، کە لە پلاتفۆرمێکدا هەر دوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەب دیانامەیەکدا بۆ ڕای گشتی لە مانگی ئۆکتوبەردا بڵاویانکردەوە. هەروەها پاش ئەوەی خاتوو سائیرە یوسف، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەریدا، لە شاری هەولێر ڕایگەیاند کە هەموو ئەو خواست و داوایانەی هەرسێ حیزب ( حیزبی شیوعی کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان)، وەک خواستی خەڵکی ناڕازی چ لە کوردستان و چ لە عێراق، گەلاڵە و پەسەندیانکردوە، بە بەرنامەی کاری خۆی دەزانێ و بەتەواوی تواناوە تێدەکۆشێت لە پەرلەمانی عێراقدا کاریان بۆ بکات، هەروەها هەوڵ دەدات پەرلەمان بکاتە مەیدانێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوە بەرامبەر بەو زوڵم و زۆر و ناعەدالەتیەی کە هەردوو حکومەتی هەرێم و بەغدا، بەسەر خەڵکیاندا سەپاندووە.

ئەو پلاتفۆرمەی کە خاتوو سائیرە لە کەمپینی هەڵبژاردن و دواتریش لەناو پەرلەماندا بەرگری لێدەکات و تێدەکۆشێت بۆ جێبەجێکردنیان بەندە سەرەکیەکانی بریتیە لە: باشکردنی دۆخی کار و ژیانی کرێکاران و خەڵکی ناڕازی، بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتداران لە هەرێم و بەغدا لە دابینکردنی دەستبەجێی مووچە و قوتی هاوڵاتیان و خزمەتگوزاری خۆراپی و شایستە، جێگیرکردنی ئەوپەڕی مافە فەردی و مەدەنیەکان، ئازادی بێمەرجی سیاسی، ئازادی ڕێکخراوبون و خۆپیشاندان و مانگرتن، جێگیرکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی نێوان ژن و پیاو لە یاساکانی باری کەسێتی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان و هەموو ئەو خواستانەی کە ژیانی هاوڵاتیان بەرەوباشتر دەبات و دۆخی ئارامی و ئازادیەکان و مەدەنیەتی کۆمەڵگا بەرینتر و پارێزراوتر دەکات. هەرسێ حیزبیش بە پشتیوانیکردنی خاتوو سائیرە یوسف، لەناو پەرلەمان هەوڵی سەرخستنی ئەو پلاتفۆرمە دەدەن.

ئێمە پێمانوایە خاتوو سائیرە یوسف، وەک کەسایەتیەکی پێشکەوتنخواز و خەباتکاری مافەکانی خەڵک بەگشتی و داکۆکیکاری مافەکانی ژنان بەتایبەتی، شایستەی پشتیوانی ئێمە و هەر ئینسانێکی ئازادیخواز و ناڕازی و جەماوەری کرێکاران و ژنان و لاوان و خەڵکی بەشمەینەتە، هەربۆیە هەردوو حیزب لە بانگەشەی هەڵبژاردنی نوینەرانی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراقدا بەتەواوی توانامانەوە پشتیوانی لێدەکەین و داوا لە ئەندامان و دۆستان و لایەنگرانی خۆمان و خەڵکی ناڕازی و ئازادیخواز دەکەین بەشداری لەم هەڵبژاردنەدا بکەن و دەنگ بدەن بە خاتوو "سائیرە یوسف عزیز" کاندیدی سەربەخۆ بە ژمارە ٣٤٢، تا پەرلەمانی داهاتوو بکەنە سەنگەرێکی بەدیهێنان و بەیاساییکردنی خواستەکانیان.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

٢/١١/٢٠٢٥

# پرۆسەی هەڵبژاردن و پێشێلکاریەکانی لایەنە دەسەڵاتدار و میلیشیاییەکان!

لە رەوتی پروپاگەندەی هەڵبژاردنی خولی شەشەمی پەرلەمانی عێراقدا، هێز و لایەنە دەسەڵاتدار و میلیشیاییە بۆرژواییەکانی عێراق و کوردستان، سەرباری پروپاگەندەی کۆنەپەرستانەی نەتەوەپەرستی و ئاینی و تائیفی و وروژاندن و هاندانی نەفرەت و کینە لەناو هاوڵاتیاندا، هەوڵی بێدەنگکردن و پاشەکشەکردن بە کاندیدە رکابەرەکان و کرینی دەنگ و ترساندن و هەرەشەی نانبرینی هاوڵاتیان، بەتایبەتی لەلایەن حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە، بۆتە دیاردەیەک کە لە میدیا و تۆرە کۆمەڵایەتیەکانەوە باس دەکرێت. ئەمەشیان بە مەبەستی ناچارکردنی هاوڵاتیانە تا دەنگ بە لیست و کاندیدەکانی ئەوان بدەن.

رۆژی ١٥ی مانگ، سەفا مەشهەدانی، ئەندامی ئەنجومەنی شاری بەغدا و کاندیدی لیستی هاوپەیمانی ئەلسیادە، بە سەرۆکایەتی خەمیس خەنجەر و مەحموود مەشهەدانی، کە گەورەترین هاوپەیمانی هێزە سونییەکانە، لەرێگای بۆمبی چێنراوەوە تیرۆرکرا. ئەمە جگە لە هەرەشە و تەقەکردن لە کاندیدەکان و کۆکردنەوەی زانیاری شەخسی لە هاوڵاتیان، بازاری کرینی کارتی دەنگدان لەلایەن کاندیدەکانی هێزە دەسەڵاتدار و ملیشیاییەکانەوە لە سەراسەری عێراقدا بەشێوەیەکی فراوان و ئاشکرا دەستی پێکردوە.

لە کوردستانیش، هەردوو حزبی دەسەڵاتدار، کە لەماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵی دەسەڵاتیاندا، بێجگە لە برینی مووچە و قووتی ژیانی خەڵک، وێرانکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، سەپاندنی هەژاری و بێکاری و بێمافی بەسەر خەڵکدا، کۆکردنەوەی سامان بۆ خۆیان لەسەر حسابی سفرەی بێرەونەقی هاوڵاتیانی کرێکار و کەمدەرامەتی کوردستان، تەنگەبەرکردنەوەی ئازادیە سیاسیەکان، بێدەنگکردنی نەیارە سیاسیەکان و تیرۆر و زینددانیکردنی هەموو دەنگێکی نەیار و رەخنەگر، هیچیان لەهەگبەدا نەبوە و نییە، ئێستاش کەوتونەتە فرتوفێڵ و دەستبردن بۆ کۆمەڵێک هەنگاوی قێزەون، لەوانەش گەران بە ماڵاندا لە سلێمانی و ناونوسین و وەرگرتنی زانیاری لێیان، هەروەها لە دەڤەری راپەرینیش دەستیانکردووە بە هەرەشە و ترساندنی کرێکاران و کارمەندانی ژینگەپارێز و پێیانراگەیاندون کە ئەگەر دەنگ بە لیست و کاندیدەکانیان نەدەن لەسەرکار دەریان دەکەن! هەموو ئەمانەشیان بۆئەوەیە برێک دەنگی زیاتر بۆخۆیان کۆبکەنەوە.

بێگومان، هیچ کاتێک حزبە دەسەڵاتدارەکان دەستبەرداری برسیکردن و بێکارکردنی خەڵک و سەپاندنی فشار و ترساندن و دەنگکرین و ساختەکاری نەبوون و نابن لە پرۆسەی دەنگدان و هەڵبژاردندا، ئەوە سەرباری ئەوەی کە بەهۆی دەستگرتنیان بەسەر داهاتی کوردستاندا، دەزگای زەبەلاحی میدیایی و توانای گەورەی پروپاگەندەیان هەیە بۆ چەواشەکردنی هاوڵاتیان و ئاوەژوکردنەوەی راستیەکان، بەڵام هەمیشەش چ ئەو حزبانەو حیزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی لە ئیسلامی و ناسیۆنالیستیەوە، پروپاگەندەی ئەوەیان کردوە کە تاکە رێگای گۆرانکاری لە ژیان و گوزەران و دەستراگەیشتنی هاوڵاتیانی کوردستان بە خزمەتگوزاریەکان و بە ماف و ئازادیەکانیان، دەنگدان و هەڵبژاردن و هۆڵی پەرلەمانە و هەر کاندیدەکانی خۆشیان بە "نوێنەرانی خەڵکی کوردستان" هەژمارکردوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا کە ئەم هەوڵانەی دەسەڵاتداران و میلیشیاکان بۆ ترساندن و تۆقاندنی خەڵک و هاندانی نەفرەت و کینەی نەتەوەپەرستی و تائیفی و کۆنەپەرستانە و فشاردانان لەسەر هاوڵاتیان ریسوا دەکات، هاوکات رادەگەیەنێت کە ئەم کردەوانە ئەوەندەی دیکە گەندەڵبوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان لای خەڵکی عێراق و کوردستان بەرجەستە دەکات و ماهیەتی هەڵبژاردن و دەنگدانی بۆرژوایی میلیشیا فەرمانرەواکانی عێراق و کوردستان و پروپاگەندەکانیان سەبارەت بە گۆرانکاری لە ژیان و گوزەران و باشترکردنی ئایندەی سیاسی لەرێگای پەرلەمانەوە ریسواتر دەکات.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

٢٤/١٠/٢٠٢٥

## پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!

**وەستانەوە دژی هەرجۆرە گەندەڵی و تالانکردنێکی داهاتی گشتی و رێگاگرتن لە گرانی و سەپاندنی باجی جۆراوجۆر بەسەر هاوڵاتیاندا**

# تۆمەتداتاشین بۆ ڕۆژنامەنووسان، بیانوویەکی حازربەدەستی دەسەڵاتە بۆ سەرکوتی ئازادی!

دوێنێ سێشەممە، ڕێکەوتی ٢٨/١٠ و لەبەر سکالایەکی داواکاری گشتی دهۆک، سیروان غەریب سەرنووسەری ویستگەنیوز خرایە بەردەم لێکۆڵینەوەی دادگا و دواتر بە کەفالەتی کەسی ئازادکرا. تۆمەتی داواکاری گشتی ئەوە بوو کە ناوبراو و ویستگەنیوز لەکاتی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکانی شەڕی هێزەکانی ئاسایشی سەر بە پارتی و هەرکییەکاندا، ئاسایش و سەقامگیری کوردستانیان تێکداوە. بەپێی حوکم و مەنتیقی ئەم سکالایە، خودی هێنانی چەکی قورس بۆ ناو ئەو شەڕە و بۆمباران و شەڕێکی زۆر لە شوێنی ژیانی خەڵکدا تێکدان و هەڕەشە نییە بۆ ئاسایشی گشتی کۆمەڵگە, بەڵام ڕووماڵکردنی میدیایی تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریە!

لای ئەحزابی چەکداری خاوەن دەسەلات، بە سەربازگەکردنی شارەکان و یەکلاییکردنەوەی هەرجۆرە ململانێیەکی سیاسی و هەتا شەخسی نێوان سەرکردە و بەرپرسەکان لەسەر پارەوپول و مولک، تێکدان نییە. پێشلەشکریکردن و چاوساغی بۆ سوپای ولاتانی ناوچەکە بۆ ناوکوردستان و ئاوەلاکردنی شارەکان بۆ فرکانفرکانی درۆنەکانیان تێکدانی ئاسایش و سەقامگیری کوردستان نییە. میلهێنانەوە و لولەی تفەنگ خستنەسەر سنگی مامۆستایان و شەقتێهەڵدانیان و زیندانیکردن و ڕفاندنی هەڵسوڕاوانی ناڕازی و سەپاندنی چەند ساڵ زیندانیکردن بۆ ڕۆژنامەنووسان هەر لە زۆنی دەسەلاتی ئەو دادوەرەی ویستگەنیوزی داوە بە دادگا، تێکدانی سەقامگیری نییە.

لیستی تاوان و کردەوە تێکدەرەکانی حیزبە دەسەلاتدارەکان لە ژمارە نایەت، بەڵام ئەوان بۆیە ئەم تۆمەتانە ئەبەخشنەوە و ڕۆژنامەنووسانی پێئەدەن بە دادگا، تاکو بەمجۆرە هەر دەنگێکی ناڕازی لەبەرامبەر نادادیەک کە ئەوان سەپاندوویانە خەفە و سەرکوت بکەن. تا بەمجۆرە بچوکترین بوارێک بۆ ئازادی ڕۆژنامەگەری و هەڵسوڕانی ئازادانەی جەماوەری و ناڕەزایەتی دەربڕین نەهێڵنەوە، تابەمجۆرە هەرچی بێمافییەکیشیان کرد بە سەرکوت و ترساندن خەڵکی پێ خامۆش بکەن.

هەروەک لەم دواییانەدا ئەبینین هەر شتێک بە دڵی حیزبەکانی دەسەلات نەبێ و هەر هەڵسوڕا و ڕۆژنامەنووسێک سەری بەڵێ و ئافەرین بۆ دەسەلاتیان نەلەقێنێ، خێرا تۆمەتێکی ئامادەکراوی ناو چەکمەجەکانی دادوەرە گشتی و ناگشتیەکان بهێننە دەرەوە و یان زیندانی بکەن یان بە کەفالەت ئازادی بکەن. تابەمجۆرە پێش بە هەرجۆرە دەربڕینێکی ئازادانەی نەیارەکانیان و جەماوەرێکی وەدەنگهاتوو لە دژی برسیکردن و سەرکوتگەری و میلیتاریزەکردنی شارەکان، بەرتەسک بکەنەوە و قەدەغەی بکەن. هەروەک لەم ماوانەدا نمونەی لەم بابەتە زۆر بەرچاو بووە و چەند ڕۆژێکیش لەمەوبەر شوان عادل بەڕێوەبەری (ئێن ئار تی) یان بە تۆمەتی هاوشێوە بردە بەردەم دادگا و دواتر بە کەفالەت ئازادیان کرد.




ئەم هەنگاوانەی دەسەلات لە هەردوو زۆن ئەیگرێتەبەر ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە ئازادی ڕۆژنامەگەری و ڕادەربڕین و کاری ئازادانەی میدیاییە و ئامانج لێی زەمینە سازکردنە بۆسەرکوتگەریی تەواوەتی دژ بە دەنگی ناڕازیانی دەسەلات. هەربۆیە لەلایەن ئێمە و خەڵکی ئازادیخوازەوە بە توندی ڕەت ئەکرێتەوە. ئەگەر ئەوان بە تۆمەتبەخشینەوە و دادگا حیزبیەکانیان چاوسوورکردنەوە و هەڕەشە نیشانی ئازادیخوازان ئەدەن، ئەوا ئێمەش بە سووربوونمان لەسەر خۆکۆکردنەوە و دەنگهەڵبڕینی یەکگرتووانە و داکۆکی لە ئازادی، ڕێگە لەوان ئەگرین. پێویستە کۆمەڵگەی کوردستان جێگەی ئازادی بێت، نەک سەرکوتگەریی و داتاشینی تۆمەتی بەتاڵ بۆ ئازادیخوازی.

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٢٩/١٠/٢٠٢٥**

## پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!

**کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسایەکی تایبەت بە خوێندنی خۆڕایی و ئیلزامی تا تەمەنی ١٦ ساڵ و دابینکردنی هاوکاری دارایی بۆ خوێندنی زانکۆ و خوێندنی باڵا.**

# عێراق لە گێژاوی هەڵبژاردندا

## عوسمانی حاجی مارف



هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی عێراق ژینگەیەکە تەواو جیاوازی هەیە لەچاو خولەکانی پێشوودا، ئەم هەڵبژاردنە لەکاتێکدایە کە موقتەدا سەدر، داوای لە لایەنگرانی کردووە بەتەواوی بایکۆتی بکەن، ئەمەش هەنگاوێکە کاریگەری بێوێنەی لەسەر دیمەنی سیاسی عێراق دەبێت.

بانگەوازی ئەمجارەی موقتەدا سەدر بۆ بایکۆت فراوانترە، لەبەرئەوەی بانگەشەی قەدەغەکردنی نمایشی لافیتەی بانگەشەی کاندیدەکانی لە شاری سەدر (مەدینە ئەلسەورە) کردووە، کە بارەگای سەرەکی بزووتنەوەکەی لێیە. لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پێشوودا ئەم دیمەنە نەبینراوە، تەنانەت لە گرژترین قۆناغەکانیشدا.

بایکۆتکردنی رەوتی سەدر، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەریە جەماوەریەی کە نوێنەرایەتی دەکات، گورزێکی گەورە لە رەوتی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەدات، کە تەنیا هەڵوێستێکی "سیاسی هەلومەرجی" نییە، بەڵکو نوێنەرایەتی ستراتیژیەکی روون دەکات کە رەنگدانەوەی بەرزترین ئاستەکانی نارەزایەتیە لە نێو ململانێی هێزە سیاسیەکانی شانۆی سیاسی ئێستای عیراقدا، بەرامبەر بە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی دوای هەڵبژاردن.

ئەم هەڵبژاردنە دۆخێکی ناوازەی هەیە، نەک تەنها لەسەر ئاستی ناوخۆیی، بەڵکو لەچوارچێوەیەکی ناوچەیدا کە شاهیدی پەرەسەندنی گرژی و ململانێ جیۆپۆلەتیکیە و ئەگەری ئەوە هەیە عێراق تیادا پارێزراو نەبێت!.

بەهۆی دەخالەتی زلهێزە ئیقلیمی و نێودەوڵەتیەکانەوە لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا، لەهەمان کاتدا ئاستی چۆنیەتی ململانێی لایەنەکان لەم هەڵبژاردنەدا، پرۆسەی هەڵبژاردن وەک ناچاری و مەرجێکی دەستووری مامەڵەی دەکرێت، وەک ئامرازێک بۆ نیشاندانی رۆتینی گۆرینی شێوازی دەسەڵات. بەڵام پارتە سیاسیەکان ترسیان لەوە هەیە کە ئەگەر هەڵبژاردن نەتوانێ دەسەڵاتێکی سیاسی بەهێز یان نوێنەرایەتیەکی هاوسەنگ بەرهەم بهێنێ، ئەوا رەنگە کوتلە چەکدارەکان ئەم بۆشاییە بە دەرفەتێک بزانن بۆ فراوانکردنی کاریگەری خۆیان و باڵا دەستیان بەسەر حکومەتی عێراقدا. ئەوان ترسیان هەیە سیناریۆی ئاژاوە یان ململانێ و شەری ناوخۆیی دروست بێتەوە، کە رەنگە دۆخی سیاسی عێراق لە پرسە هەستیارەکاندا وەک شەری ناوخۆ و شەرێک لە ناوچەکەدا لە قالب بداتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەو کوتلە چەکدارانەی کە بەجۆرێک پەیوەستن بە ئێرانەوە.

پێشوەخت لایەنە سیاسیەکان هۆشداری ئەوەیان داوە کە دواخستن یان هەڵوەشاندنەوەی هەڵبژاردن، دەکرێت دەرگای بۆشایی دەستوری بکاتەوە و ئەگەری ئەوە هەیە ئاژاوەی سیاسی و ئەمنی زیاتر بکات، بۆیە بەگشتی هەموویان جەختیان لەسەر ئەوەکرد کە هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا بکرێت. بۆیە هەر لەو چوارچێوەیەدا نوری مالیکی جەختی لەوەکردووە کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەکاتی خۆیدا پێویستییەکی "نیشتمانیە بۆ پاراستنی سەقامگیری و پاراستنی پرۆسەی دیموکراسی وڵات"!، لەهەمانکاتدا ئەوەی جێگای پرسیارە کەدوای هەڵبژاردن هیچ گەرەنتیەک نیە بۆ روونەدانی ئاژاوەو ناجێگیری سیاسی و پێکهێنەهاتنی حکومەت.

هەڵبەتە بەشداری ئەو گروپانەی لەئاستی نێودەوڵەتیدا وەک رێکخراوی تیرۆریستی دەستنیشان کراون، قەیرانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە گەورەتر دەکات، ئەمەش وا دەکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە حەزەرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەنجامی هەڵبژاردن بکات، کە لەلایەن هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە بە چەک کۆنترۆڵ دەکرێن. بەمشێوەیە هەڵبژاردنی ئەمساڵ ئەگەر لەوادەی دیاریکراویشدا ئەنجام بدرێت، دەکرێت دەستپێکی قۆناغێکی نوێی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێت لە عێراقدا، کە پرۆسەی هەڵبژاردن و حکومەتەکەی لەژێر چاودێری و پرسیاردا دەهێڵێتەوە.

لەراستیدا گۆرەپانی سیاسی عێراق شاهیدی زیادبوونی گرژیەکانە لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردن، بەجیا لەبایکۆتی سەدر، لەهەمانکاتدا دابەشبوون و ململانێی توند لەناو هاوپەیمانیە تەقلیدیەکانی وەک "چوارچێوەی هەماهەنگی" دا پێشهاتووە، کە بە باڵادەستی هێزی حەشدی شەعبی و بوونی لایەنەکان هەوڵدەدەن توندوتیژی سیاسی بقۆزنەوە وەک ئامرازێک لەدووبارە کردنەوەی نەخشەی کاریگەر بۆ باڵادەستی لایەنە شیعەکانی سەربە ئێران.

ئەو لایەنە سیاسیە ئیسلامیانەی وەک هێزی شیعەکان هاتنەوە ناو عێراق و حکومەتیان پێکهێنا، هاوکات بوو لەگەڵ لەشکرکێشی ئەمریکا، بەشێک لە

سەرکردەکانی هیوایان خواست سەرکردایەتی ئەو گۆڕانکاریە نەخوازراوە بکەن کە بە لەشکرکێشی ئەمریکا ئەنجام درا، بۆیە هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە دابەشکردنی دەسەلات و کاریگەریان لەڕێگەی بەرجەستەکردنی پشکی تائیفی و نەتەوەییەوە.

ئەم سیستەمە لە دابەشکردنی دەسەڵاتی سێ سەرۆکایەتی سەرەکی و سەرووەریەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە کێبرکێکردن بۆ پۆستەکانی تر، ئەمەش ئەگەری هەیە، ململانێیەکی خوێناوی لەنێوان باڵەکانی کوتلە چەکدارەکاندا بەدوای خۆیدا بهێنێ.

ئیستغلالکردنی دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەستبەسەراگرتنی تەواوی جومگە ئابوریەکان و بەکارهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و نەبوونی یاسا، هەموو ئەو هۆکارانەن کە قەیرانی پێکنەهێنانی حکومەت و ڕەسمیەتدان بە حکومەت قووڵتر و سەختترکردوە، لەدوای ئەم هەڵبژاردنەدا زۆر زیاتر ئەو کێشانەیان بەرەوڕو دەبێتەوە.

لەبەرئەوەی هێزە میلیشیاکان، باڵادەستی سەربازی و سیاسیان بەدەستهێناوە، ئەستەمە بەئاسانی کۆتاییان پێبهێنرێت. هەڵوەشاندنەوەی ئەوان بەبێ بونی بەدیلێکی بەهێز و ڕوون و دەورو دەخالەتی ڕاستەخۆی خەڵک و جەماوەری نارازی، دەتوانێت بۆشاییەک بەجێبهێڵێت کە هەڕەشەی جدی لە سەقامگیری دەکات و عێراق دەخاتەناو گێژاوی زریانێکی ترەوە.

لەم چوارچێوەیەدا کە "هێزی میلیشیاو پرسی چەک" بۆتە یەکێک لە کێشە هەستیارەکانی دۆخی سیاسی ئێستای عێراق و کاریگەری لەسەر ئەم هەڵبژاردنە داناوە، دوای ئەم هەڵبژاردنە گەر مامەڵەیەکی ژیرانە نەکرێت، ئەگەری خولقاندنی کارەساتی هەیە.

بەردەوامبوونی ئەو کەسایەتیانەی ئێستا حکومەتی عێراق بەڕێوەدەبەن، هەوڵدەدەن لەڕێگەی هەڵبژاردنەوە خۆیان بەرهەمبهێننەوە و هیچ ئاماژەیەکیش بە گۆڕانکاری نادەن، جگە لەوەی بەربەستێکی گەورە لە بەردەم ئاڵوگۆڕ بۆ سەقامگیری و هەر چاکسازیەک پێکدەهێنن، لەهەمانکاتدا پرسیاری جدی دەخاتە بەردەم ئاییندەی عێراق لەدوای ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنە، چونکە ئیستغلالکردنی نفوزی هێزی میلیشیا و بوونی چەک لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت، هۆکارێکن کە بوونەتە هۆی وەرینی دەوڵەت.

پێگەی سەرۆک وەزیرانی عێراق بە گرنگترین پۆست دادەنرێت بۆ شیعەکان، ئەوانیش پاساو بۆ ئەوە دەهێننەوە بەئاماژەدان بەوەی کە گەورەترین ژمارەن لە عێراقدا، دەبێت پۆستی باڵای جێبەجێکردنی (تنفیذی) وڵات (سەرۆک وەزیران) بۆ شیعەکان بێت.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا گۆڕەپانی سیاسی عێراق شاهیدی زیادبوونی گرژیەکانە لەنێو بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بە دابەشبونێکی توند لەناو خودی چوارچێوەی هەماهەنگیدا دەرکەوتووە.

لەگەڵ ئەوەی بڕیارە لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥دا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق بەڕێوەبچێت، بەڵام لەکاتێکدایە کە گرژی سیاسی و بێهیوایی و فەرامۆشی و بەربلاوی گشتی زاڵە بەسەر پرۆسەی ئەم هەڵبژاردنەدا. سەرەڕای ئەوەی شەقامەکان بە پۆستەری هەڵمەتی هەڵبژاردن ڕازێنراونەتەوە، بەڵام حەماسەتی گشتی کەم بووە و پێشبینی دەکرێت بەشێکی زۆر لە عێراقیەکان لە ماڵەوە بمێننەوە. هەڵبژاردنی ئەمجارە بەڕۆشنی وەک فۆرماڵیەک دەبینرێت، کە بەئاشکراو بێپەردە تیشک خراوەتەسەر دابەشکردنی دەسەلات لەنێوان نوخبە سیاسیەکاندا.

"پێکهاتەی هاوپەیمانی عێراق" لە دوای یەکەم هەڵبژاردنی دوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە، وەک هێزێک بەرزبونەوەی ئاستی هاوسەنگی بەرچاوی نیشاندا، وەک هاوپەیمانی یەکگرتوی عێراقی کە هەموو گروپە شیعەکانی لەخۆگرتبوو بە پاڵپشتی عەلی سیستانی، هەروەها لیستی تەوافوق کە نوێنەرایەتی هەندێک عەرەبی سونەیان دەکرد، لیستی هاوپەیمانی نیشتمانی عێراق بو بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی بوو. ئەمڕۆ ئەم بلۆکانە پارچەپارچە بوون، دەیان لیست و حزبی سەربەخۆ کێبرکێیان لەسەرە، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٥ نزیکەی ٣١ هاوپەیمانی و ٣٨ حزب و ٧٥ کاندیدی سەربەخۆ لەخۆدەگرێت.

لە هاوپەیمانی عێراقی یەکگرتووەوە ململانێ و کێبرکێی کوتلە شیعەکان سەریانهەڵدا، دیارترینیان هاوپەیمانی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان بوو، بە سەرۆکایەتی سودانی، هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی نوری مالیکی، هاوپەیمانی صادقون بە سەرۆکایەتی قەیس خەزعەلی، لیواکانی بەدر بە سەرۆکایەتی هادی عامری، هاوپەیمانی هێزە نیشتمانیەکان بە سەرۆکایەتی عەمار ئەلحەکیم، بەشێک لەو فراکسیۆنانە پەیوەندی مێژوویی و سیاسیان بە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە هەیە.

ئەم لایەنانە کە پێکەوە چوارچێوەی هەماهەنگی شیعە پێکدەهێنن، پاڵپشتی پێکهێنانی حکومەت دەکەن و پۆستەکانی جێبەجێکردن دیاریدەکەن، سەرەڕای ئەوەی لە هەڵبژاردنەکاندا بەجیا خۆیان کاندید دەکەن، هاوکات موقتەدا سەدر سەرکردایەتی بزووتنەوەی بایکۆت دەکات، ئەمەش ئەگەری بەشداریکردنی بەشێکی زۆری دەنگدەرانی شیعە کەمدەکاتەوە، کە بنکەیەکی فراوانی هەڵبژاردن پێکدەهێنن.

لایەنەکانی حزبە کوردەکانیش دابەشبون بەسەر کۆمەڵێک حزبی جیاوازدا و بە لیستی جیاوازەوە بەشداریدەکەن، ڕۆشن نین لەوەی لەم هەڵبژاردنەدا ڕۆڵیان چۆن دەبێت و نەخشەیان چییە، بەتایبەتی کە تائێستا بۆ خۆشیان نەیانتوانیوە حکومەتی هەرێم پێکبهێنن.

سیستەمی هەڵبژاردنی عێراق لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە زۆر ئاڵۆزە

لەڕووی تیۆریەوە ڕێگە بە هاووڵاتیان دەدات ٣٢٩ ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێرن، کە دواتر سەرۆککۆمار و پاشان سەرۆکوەزیران کاندید دەکات. بەڵام لە پراکتیکدا پێکهێنانی حکومەت پشت بە دانوستانێکی درێژخایەن و ڕێکەوتن لەنێوان لایەنەکاندا دەبەستێت، کورسیە بەدەستهێنراوەکان دەبنە ئامرازێک بۆ دیاریکردنی پۆستە وزاریەکان و پۆستە جێبەجێکاریەکانی دیکە، ئەم سیستەمە ئاشکرایە لەم هەڵبژاردنەدا، کێشەکانی جێبەجێکردنی پێکهێانی حکومەت ئاڵۆزتر دەکات.

واقیعی سیاسی عێراق بەستراوەتەوە بە چوارچێوەی باڵادەستی ناسنامەی هێزە تائیفی و قەومیەکانەوە، شیعەکان بەشێوەیەکی ئاساییی دەنگ بە پارتەکانیان دەدەن، سوننە بە پارتەکانی خۆیان و کوردەکان دەنگ بە پارتەکانیان دەدەن. ڕێککەوتنێکی نافەرمی لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە هاوسەنگی لەنێوان پۆستە باڵاکاندا دەپارێزێت، سەرۆکوەزیران شیعەیە، سەرۆککۆمار کوردە، سەرۆکی پەرلەمانیش سوننەیە، ئەم هەڵبژاردەیە بۆ ئەو سێ سەرۆکایەتیە، ئاشکرایە دوای ئەم هەڵبژاردنە کێشەی گەورە بەدوای

**پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!**

**کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسای بەڕەسمی ناسینی ئازادی سیاسی و ئازادی بیروڕاو ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و ئازادی خۆپیشاندان و ئازادیی ڕێکخراوبوون.**

# واقعی پشت وتارەکەی نێچیرڤان بارزانی "گەنجانی کوردستان شایەنی حەقیقەتن نەک بەڵێنی بێکردار"

## دەشتی جەمال



نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕۆژی پێنجشەمە٣٠/١٠/٢٠٢٥ لەبەردەم سەدان دەرچووی زانکۆی کوردستان لە هەولێر وەستا، قسەکانی پڕ لە گەشبینی بوون. باسی لە گرنگی زانست و پەروەردە و ڕۆڵی گەنجان کرد لە بنیاتنانی ئایندەی کوردستان. ستایشی دەستکەوتەکانی زانکۆی کرد و داوای لە دەرچووان کرد بە هیوا و بوێرییەوە خزمەت بە میللەتەکەیان بکەن. بەڵام بۆ زۆرێک لە گەنجان لە سەرانسەری هەرێمی کوردستان، قسەکانی سەرۆکی هەرێم هەست بە پچڕان لە واقیع دەکەن.

ژیانی گەنجانی کوردستان ئەمڕۆ چیرۆکێکی زۆر جیاوازتر دەگێڕێتەوە، چیرۆکێک کە نەک بە دەرفەت و پێشکەوتن، بەڵکو بە بێکاری و گەندەڵی و سەرکوت لە قاڵب دراوە. نەوەیەک کە دەتوانن نەخشیان هەبێت لە داهاتووی کۆمەڵگەی کوردستاندا بەهۆی سیستەم و دەسەڵاتێک کە نێچیرڤان بارزانی و حکومەتەکەیان دایانسەپاندوە ئەوانی ڕووبەڕووی بێکاری و گرانی و سەرکوت و دەیان دەردەسەری کردۆتەوە، ناچارکراون بڕۆن و سەری خۆیان هەڵگرن، لە کاتێکدا بارزانی ئاهەنگی بۆ ٥٢٦ لە بەشە جیاکانی چوار کۆلێژ کە بروانامەی زانکۆییان بەدەستهێنابوو، دەگێڕا، دەیان گەنجی دیکەی کورد زێد و ژیانی خۆیان بەجێدەهێڵن.

مانگانە گروپ گروپ ڕێگاکانی قاچاخ و پڕمەترسی دەگرنەبەر تا دەستیان لە یەکێ لە وڵاتەکانی ئەورووپا گیربببێ. ئەمە سەرباری مەترسیەکانی ڕێگاوبان و دەریا

کە ساڵ نیە دەیان هاوڵاتی گەنجی کوردستان لەڕێگەی هاتونەهاتی ژیانی پەنابەریدا نەخنکێن، وەیان لە دارستانەکان و کەمپ و هایم دورگە و زیندانەکانی ئەورووپا و وڵاتانی تر ڕووبەڕووی مەرگ نەبنەوە. ئەوان لەبەر ئەوە نارۆن کە خۆشەویستییان بۆ کۆمەڵگەکەیان نیە، بەڵکو لەبەرئەوەی سیستەم و دەسەڵاتێک باڵادەستە کە خۆی لە بەرپرسیاریتی لە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵگە دەدزێتەوە و شکستی هێناوە لە ئیدارەی کۆمەڵگە.

لەکاتێکدا دەیان و سەدان لە کچان و کوڕانی ئامادە بەکار، ئەوانەی کە ساڵانێکی زۆر و دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆر خوێندنیان تەواو کردوە بەڵام لە چاوەڕوانی بەدەستهێنانی کاردا ڕاگیراون و ئەم دەسەڵاتە خۆی بە بەرپرس نازانێت لە ئاست دابینکردنی هەلی کار بۆ گەنجان و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، ئامادە نیە وەڵام بە خواستی هاوڵاتیانی ژێر دەسەڵاتەکەی بداتەوە. بۆ زۆر

کەس نە هەلی کار و نە سەقامگیری و نە داهاتوو، ناڕوونە،خزمایەتی و حزبایەتی و دڵسۆزی سیاسی، نەک شایستەیی، بڕیار دەدەن کێ دەرفەتی کاری دەست دەکەوێت. ئەوانەی پەیوەندییان نیە لەدوای خۆیان بەجێدەهێڵرێن، تەنانەت بەتواناترینەکانیشیان نائومێدی و دانیشتن لە ماڵەوە، بێهیوایی بەربڵاو بووە.

ئالوودە بوون بە ماددە هۆشبەرەکان و خەمۆکی و خۆکوشتن گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار. فشارە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان خەریکە تەواوی ژیانی نەوەیەک وردوخاش دەکات. ئەم گەنجانە دوای چەند ساڵ لە شەونخونی بەڵێنی ژیانێکی باشتریان پێدرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمڕۆ خۆیان دەبیننەوە لەنێوان نوخبەیەکی سیاسی گەندەڵ و سیستەمێکدا کە پاداشتی بێدەنگی دەداتەوە نەک لێهاتوویی. ئەم حکومەت و دەسەڵاتە ئەوەندەی نوێنەری چینی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیاکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانە ئەوەندە لە فکری ژیان و کار و گوزەرانی لاوان و خەڵکی هەژاری کوردستان نیە و ژیانی ئەوانی بە مشتێک لە خاوەنکار و خاوەنکۆمپانیای چاوچنۆک سپاردوە بۆ قازانجی زیاتر و هەڕاجکردنی کۆمەڵگە.

سەرکوت و کۆنترۆڵی سیاسی لەژێر سایەی حزب و حکومەتەکەی بارزانیدا بەرامبەر بە دەربڕینی خۆپیشاندانی خوێندکاران بۆ دەرماڵە و باشبژێوی و چاککردنی بەشە ناوخۆییەکان, خۆپیشاندەران تا داوای مافە سەرەتاییەکانی وەک مووچە، کارەبا، خزمەتگوزارییە گشتییەکان،... بەشێوەیەکی ڕۆتینی سەرکوت دەکرێن. هەڵسووڕاوە جەماوەرییەکان زیندانی دەکرێن، دادگاکان لەلایەن هەردوو حزبی دەسەڵاتدارەوە بۆ بێدەنگکردنی نەیارانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بەکاردەهێنرێن. شانبەشانی ئەم سەرکوتکردنە، دۆخی ئابووری بۆ کرێکاران و خێزانە هەژارەکان و مووچەخۆران بووەتە شتێکی بەرگە نەگیراو بەهۆی سەختییەک کە ڕاستەوخۆ بەهۆی خراپ بەڕێوە بردنی هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە دروست بووە. هاوکات دەستێوەردانی دەرەکی حکومەتە سەرکوتگەرەکانی وەک تورکیا و ئێران کاریگەرییان لەسەر کاروباری سیاسی و ئەمنی هەرێمی کوردستان زیاتر دەبێت و زیاتر نائەمنی و سەقامگیری هەرێمی کوردستان تێکدەدەن.

نێچیرڤان بارزانی باسی لەوەکرد "دەرچووانی ئەمڕۆ، نەوەیەکی خۆشبەختن کە لە ئازادیدا لە دایک بوون، بەڵام ئەوانەی سەردەمی دیکتاتۆری ژیاون، باش دەزانن کوردستان لە چ خەراباتێکەوە، بە چ قوربانیدان و سەختییەک، گەیشتووەتە ئەمڕۆ". کامە ئازادی و خۆشبەختی؟ کە لەژێر دەسەڵاتی حزبەکەیدا ئازادی قسەکردن و بیروڕادەربڕین نیە؟ خۆپیشاندانەکان بە توندوتیژی پۆلیس و هێزە ئەمنییەکان سەرکوتدەکرێن و خۆپیشاندەران لەگەڵ دەستگیرکردن بەرەوڕوو دەبنەوە. ڕۆژنامەنووسان لەسەر ئاشکراکردنی گەندەڵی و نادادپەروەری زیندانی دەکرێن، هەڕەشەیان لێدەکرێت، تەنانەت دەکوژرێن. زیندانەکانی کوردستان پڕن لە هەڵسووڕاوانی سیاسی نەیاری ئەوان و ڕۆژنامەنووسان. پەیامنێر و هەڵسووڕاوان و هاوڵاتیانی ئاسایی لە دادگاکان بە فەرمانی حزبەکانی دەسەڵات سزادراون.

خۆشبەختەکان منداڵانی بەرپرسانی پلە باڵایە کە لە دەرەوەی وڵات دەخوێنن وەیان خوێندنی باڵایان تەواوکردوە، چێژ لەو دەرفەتانە وەردەگرن کە لە باقی کۆمەڵگا بێبەش دەکرێن. بیمەی بێکاری نیە لەکاتێکدا یارمەتی بێکاری یان بیمەی بێکاری گرنگە بۆ دەرچووان و بێکاران، چونکە پشتگیری دارایی لەکاتی گەڕان بەدوای کاردا، یارمەتی دابینکردنی خەرجییەکانی ژیان و کەمکردنەوەی فشارەکانی ژیانیان بۆ دەدات. مووچە دوادەخرێت یان دەدزرێت و سامانی بەرفراوانی هەرێم بەردەوامە لە ونبوون لە هەژمارە تایبەتەکاندا. هاوکات حکومەت باس لە چاکسازی و شەفافیەت دەکات، بەڵام هەمان ڕووخسار لە دەسەڵاتدا دەمێنێتەوە، هەمان لایەنەکان کۆنترۆڵی هەموو دامەزراوەیەک دەکەن و هەمان بیانوو ساڵ لە دوای ساڵ دووبارە دەبنەوە.

ئەگەر نێچیرڤان بارزانی بەڕاستی باوەڕی بەو بەهایانە هەیە کە باسی کردووە مەعریفە و کراوەیی و گەشەپێدان، ئەوا دەبێت لەڕێگەی کردارەوە بیسەلمێنێت نەک بە وتار. با گەنجان بە ئازادی قسە بکەن. سیستەمێکی خوێندنی مۆدێرن دامەزرێنن، خوێندن و پێداویستییەکان بکەنە خۆڕایی و بیخەنە ئیختیاری گەنجان و خوێندکارانەوە، ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، ئازادی سیاسی، کۆبوونەوە و مانگرتن و بایکۆت و خۆپیشاندان، ئازادی بەیان و بیروڕا و چاپەمەنی و ڕۆژنامەگەری بەکەن یاسا. هێرش بۆسەر هەڵسوڕاوان و کەسانی نەیاری دەسەڵات و ڕۆژنامەنووسان ڕاگرن، ڕۆژنامەنووسانی زیندانیکراو ئازاد بکەن. مووچەی مامۆستایان و کرێکاران بدەن. کۆتایی بە گەندەڵی و حوکمڕانی حزب بەسەر خەڵکدا بهێنن!

گەنجانی کوردستان پێویستیان بە وتاری زیاتری دەرچوون نیە، پێویستیان بە دەرفەتی ڕاستەقینە و دادپەروەری و کەرامەت هەیە. تا ئەوکاتەی ئەوە ڕوودەدات، هیچ وتارێک ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە خەونی گەنجانی پێگەیشتوو لەلایەن ئەو کەسانەی بانگەشەی بەرگریکردن لێی دەکەن، بەکردەوە بەدیدێن نەک بە وتەی ڕازاوەی نێو هۆڵەکان.

١/١١/٢٠٢٥

# هەڵبژاردنەکانی عێراق:

# دیموکراسی لەژێر سێبەری ترس و گەندەڵیدا

توانا محەمەد نوری



هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق جارێکی دیکە پاشەکشەیەکی قووڵی لە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسیدا نیشاندا. ئەوەی کە دەبوو ببێتە دەرفەتێک بۆ هاووڵاتیان تا بە ئازادی نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن، گۆڕا بۆ گۆڕەپانێکی تۆقاندن، توندوتیژی و دەستگیرکردن لەلایەن هێزە دەسەڵاتدارەکان و گرووپە چەکدارەکانیانەوە لە سەرتاسەری عێراق و هەرێمی کوردستاندا.

کوشتنی کاندیدێک لە ناوچەیەکی دیار، وەک هێمایەکی دڵتەزێن بۆ ئەو مەترسیانەی کەسایەتییە ئۆپۆزسیۆنەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بووەمایەی گشتگیربوونی ترس و تووڕەیی. ئەم کردەوە تیرۆریستییە تەنها تاوانێک نەبوو، بەڵکو پەیامێکی ڕوون بوو کە هەرکەسێک ڕووبەڕووی سیستەمەکە ببێتەوە، بێدەنگ دەکرێت. لەچوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا، هەڕەشەکردن لە کاندیدەکان، هێرشکردنە سەر بۆنەکانی بانگەشە، کۆکردنەوەی زانیاری کەسی لە هاووڵاتیان، هەڕەشەی نانبڕین، و کڕین و فرۆشتنی بەربڵاوی کارتی دەنگدان، بوونەتە ئامرازێکی باو بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی.

دۆخی هەرێمی کوردستانیش لە عێراق باشتر نییە. دەسەڵاتداران، لەگەڵ سەپاندنی هەژاری، سەرکوتی سیاسی، و دەستبەسەرداگرتنی داهاتی نەوت و سەرچاوە ئابوورییەکان، ئازادییە سیاسییەکانیان سنووردار کردووە. ڕەخنەگران و چالاکوانان ڕووبەڕووی زیندانیکردن یان تۆقاندن دەبنەوە.

ڕۆژنامەنووسان لەژێر هەڕەشەی دەستگیرکردن یان توندوتیژیدان، و هێزە ئەمنییەکان بە بەهانەی "ڕێوشوێنی ئەمنی" بەدواداچوون بۆ ماڵەکان و تۆمارکردنی زانیاری کەسی دەکەن. کرێکاران و ژینگەپارێزان ڕاستەوخۆ هەڕەشەی دەرکردنیان لێدەکرێت ئەگەر ڕەتیبکەنەوە دەنگ بە لیستەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان بدەن.

ئەم ڕووداوانە تاک و تەرا نین و بە ڕێکەوت ڕوویان نەداوە، بەڵکو بەشێکن لە هەڵمەتێکی ڕێکخراو کە ئامانجی چەسپاندنی دەسەڵاتە لەڕێگەی ترساندن و ملکەچپێکردنەوە.

ئەم "دیموکراسییە"ی دوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ سەپێنرا، لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی تایفەگەری و نەتەوەیی دامەزراوە، کە عێراقی بەرەو وێرانبوون بردووە و گەندەڵی و کۆنترۆڵی نوخبەی دەسەڵاتداری چەسپاندووە. دیارە بەشداریکردن، لەڕوانگەی چینایەتییەوە، تەنها بۆ بانگەشە و وروژاندنە و ئەوەش ئاشکرایە کە پەرلەمان بۆ خزمەتی سەرمایەداری دانراوە. گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە سندوقەکانی دەنگدانەوە نایەت کە گەندەڵکاران کۆنترۆڵیان کردووە، بەڵکو لە خەباتی ڕێکخراوەیی و پێکەوەیی بەکۆمەڵ و داواکارییە ڕوونەکان بۆ ئازادی، یەکسانی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی دێت. پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی عێراق و کوردستان بەهۆی نائومێدییانەوە بایکۆتی هەڵبژاردنەکان بکەن.

لەناو ئەم فەزایەدا، دەنگدەران پێویستە بەدوای کاندیدێکدا بگەڕێن کە خزمەت بە خەڵک بکات نەک حزبەکان و بەرژەوەندییەکانیان. کاندیدێکی گونجاو دەبێت خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بێت:

**پشتیوانی ژنان و منداڵان:** کار بۆ گۆڕینی یاسای باری کەسی بکات بۆ یاسایەکی مەدەنی و مرۆیی کە مافەکانی ژنان و منداڵان بپارێزێت و کۆتایی بە یاسا جیاکارییەکان بهێنێت.

**داکۆکیکار لە ئازادییەکان:** گەرەنتی ئازادی ڕادەربڕین، ڕۆژنامەگەری، و نارەزایەتی دەربڕین بکات، بەبێ ترس لە دەستگیرکردن و توندوتیژی.

**دژایەتی سەرکوت:** داکۆکیکارێک بێت لە مافەکانی مرۆڤ و دژی سانسۆر و سەرکوتی میلیشیاکان بێت.

**پەروەردە بۆ هەمووان:** کار بۆ سیستمێکی پەروەردەیی گشتگیر، خوێندنی بەخۆرایی و ئیجباری بکات.

**دادپەروەری کۆمەڵایەتی:** چاکسازی لە سیستمی دادپەروەریدا بکات، کۆتایی بە سزای لەسێدارەدان بهێنێت و دادپەروەری مرۆیی و چاکسازیی پێش بخات.

**دەوڵەتی عەلمانی:** داکۆکی لە بنیاتنانی دەوڵەتێکی عەلمانی، غەیرە قەومی و غەیرە دینی بکات، کە ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە جیا بکاتەوە.

**دژایەتی تائیفەگەری:** تائیفەگەری ڕەتبکاتەوە و بۆ یەکڕیزی و بەها مرۆیی و مەدەنییەکان بوەستێت.

**بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی:** کار بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و پاراستنی سامانی گشتی بکات، و دڵنیا بێت لەوەی کە سامانی عێراق خزمەت بە خۆشگوزەرانی گشتی دەکات نەک بۆ دەوڵەمەندکردنی بەرپرسانی میلیشیا دەسەڵاتدارەکان و سەرمایەدارەکانی نزیکیان.

**بیمەی تەندروستی:** کار بۆ سیستەمێکی تەندروستی گشتگیر، چاودێری تەندروستی خۆڕایی مافێکی بنەڕەتی مرۆڤە و دەبێت بۆ هەمووان بەردەست بێت، بەبێ گوێدانە باروودۆخی داراییان.

**بیمەی بێکاری:** دامەزراندنی سیستەمێکی کاریگەری بیمەی بێکاری بۆ پاراستنی ئەو هاوولاتییانەی کە بێکار دەبن، بەمەش دڵنیایی کۆمەڵایەتی دابین دەکرێت و کەرامەتی تاک پارێزراو دەبێت.

پاشەڕۆژی عێراق و کوردستان بەشێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەستە بە بوێری و ئیرادەی هاوولاتییانەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا. گرنگە هاوولاتیان بە وریاییەوە ئەو کاندیدانە هەڵبژێرن کە نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی چینی هەژار و کرێکار دەکەن، هەروەها داکۆکیکاریکی سەرسەختی مافەکانی ژنان و گەنجان بن. ئەم هەڵبژاردنە دەبێت دوور بێت لە کاریگەری گەندەڵکاران و ئەو دەسەڵاتدارانەی کە تەنها بیر لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەنەوە.

١/١١/٢٠٢٥

**پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!**

**کارکردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاسای ئەحوال شەخسی هەموارکراوی ساڵی ٢٠٢٤ و دەرچواندنی یاسایەکی مۆدێرن لەبواری باری شارستانی و ماف و ئازادیەکانی ژنان!**

# ڕەخنەلە هەڵوێستی دژە هەڵبژاردن: پەرلەمان وەک مینبەرێک!

## نووسینی: توانا محەمەد نوری

بەیاننامەکەی ڕێکخراوی بەدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق لە ١٤/١٠/٢٠٢٥ بە ناونیشانی "نەخێر بۆ پەرلەمانی برسیکردنی جەماوەر، کۆیلەکردنی ژنان، و دزینی ئازادییەکان"، ڕەخنەیەکی دروستی لە سیستەمی سیاسی ئێستای عێراق گرتووە. بە دروستی پەرلەمان وەک ئامرازێکی چینی دەسەڵاتدار دەستنیشان دەکات، کە بۆ بەردەوامیدان بە دەسەڵاتی "سیستەمی سیاسی بۆرژوازی، ئیسلامی، و نەتەوەپەرست" و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە داڕێژراوە کە زیانیکی ڕاستەوخۆ بە چینی کرێکار دەگەیەنن، وەک نیۆلیبرالیزمی ئابووری و پاشەکشێی مافەکانی ژنان. دەرئەنجامی بەیاننامەکە کە پرۆسەی هەڵبژاردن "گاڵتەجارییەکە" و تەنها بۆ "جوانکردنی ڕووی سیستەمی ئێستا" خزمەت دەکات، ڕەنگدانەوەیەکی بەهێزی بێئومێدی جەماوەرە.

بەڵام، ئەو دەرئەنجامە تاکتیکییەی کە لەم شیکارییە دروستەوە وەرگیراوە، کە تاکە ڕێگا بریتییە لە ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی سیاسی لە دەرەوەی پەرلەمان و جێبەجێکردنی بایکۆتێکی تەواو، هەڵەیەکی گەورەی تاکتیکییە لەڕوانگەی چینایەتییەوە. ئەم هەڵوێستە، کە داوای دابڕانێکی سیاسی دەکات، شکستی هێناوە لە ناسینەوەی گرنگی و بەهای گۆڕەپانی پەرلەمان وەک سەکۆیەک بۆ پروپاگەندەی شۆڕشگێڕی و وروژاندن.

پەرلەمان، سەرەڕای ئەوەی دامەزراوەیەکی چینی دەسەڵاتدارە، ژوورێکی تایبەت نییە؛ سەکۆیەکی گشتییە. پرۆسەی هەڵبژاردن، هەرچەندە گەندەڵ بێت، بۆماوەیەکی کاتی سەرنجی ملیۆنەها کرێکار، هەژار، و گەنج ڕادەکێشێت کە بەشێوەیەکی تر لەڕووی سیاسییەوە پەراوێزخراون. بە ئارەزوومەندانە دوورخستنەوەی دەنگی شۆڕشگێڕی لەم قۆناغە، واتای ئەوەیە تەواوی وتارە سیاسییەکە بۆ هەمان ئەو هێزانە بەجێبهێڵیت کە دەتەوێت بیانڕوخێنیت.

پێشڕەوێکی شۆڕشگێڕ پێویستە هەموو دەرفەتێک بقۆزێتەوە بۆ گەیشتن بە جەماوەر. سەکۆی پەرلەمان دەرفەتێکی لەباری میدیای گشتی، گفتوگۆی گشتی و پارێزبەندی یاسایی دابین دەکات کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیامە چینایەتییەکان ڕاستەوخۆ بۆ ناو خێزانە کرێکارییەکان. مەبەست لە بەشداریکردن لە پەرلەماندا بۆئەوەیە سەکۆکە بەکاربهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی بەردەوام و سیستماتیکی سروشتی ڕاستەقینەی دژەکرێکاری دەوڵەت و پارتە دەسەڵاتدارەکان.

تاکتیکی بەشداریکردن بە کاریگەرترین شێوە لەلایەن ڤلادیمێر لینین و بەلشەڤییەکانەوە لە سەرەتای سەدەی بیستەمی ڕووسیادا تاقیکراوەتەوە. دومای دەوڵەتی قەیسەری، دوای شۆڕشی ١٩٠٥ دامەزرا، لینین پێداگری لەسەر بەشداریکردن دەکرد. لە سەرانسەری ماوەی ساڵانی ١٩٠٦ تا ١٩١٤، بەلشەڤییەکان بەشێوەیەکی چالاک بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی دوما دەکرد. ئامانجیان ڕوون و ئاشکرابوو: بەکارهێنانی قۆناغی دوما وەک بڵندگۆیەکی گەورە بۆ پروپاگەندەی شۆڕشگێڕی. لینین دەیوت: "پێویستە بچینە ناو دوماوە، نەک بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵی، بەڵکو بۆ ئاشکراکردنی." لە کتێبی "دژ بە بایکۆت" ( ١٩٠٦)، دەنووسێت: "بەشداریکردن لە دوما ئاشتەوایی نییە لەگەڵ تزاریدا، بەڵکو خەباتێکە دژی بەهۆی دوماوە، لەناو دوماوە.".

"کۆمۆنیزمی 'چەپڕەو': نەخۆشییەکی منداڵانە" (١٩٢٠): لەم بەرهەمەدا کە زۆر

ئاماژەی پێکراوە، لینین بەتوندی دژی بایکۆتکردنی پەرلەمانە بۆرژوازییەکان دەدوێت. ئەو ڕەخنەلە "چەپ" کە کاری پەرلەمانی ڕەتدەکەنەوە، دەگرێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە شۆڕشگێڕان دەبێت هەموو سەکۆیەک، لەوانە پەرلەمان، بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە جەماوەر، ئاشکراکردنی دیموکراسی بۆرژوازی و پەروەردەکردنی پرۆلیتاریا. ئەو بەتایبەتی باسی ئەزموونەکانی بەلشەڤییەکان لەگەڵ دوما دەکات وەک نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەم تاکتیکە. ئەو ئاماژە بە دوما دەکات وەک "گەوڕی بەراز" کە هێشتا دەبوو بەکاربهێنرێت.

وتارەکانی سەبارەت بە دوماکان (١٩٠٦-١٩١٤): لە سەرانسەری ئەو ماوەیەدا کە دوما جۆراوجۆرەکان دامەزراون و کاریان دەکرد، لینین چەندەها وتار و پەیامی نووسیوە کە باسی بەشداریکردنی بەلشەفییەکانی تێدایە. لەمانەدا، ئەو بەبەردەوامی جەختی لەوە دەکردەوە کە تێوەگلانیان بریتی نەبووە لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ پارتە بۆرژوازییەکان لەناو دوما، بەڵکو تەنها بۆ وروژاندن، پڕوپاگەندە، و ئاشکراکردنی کەموکورتی و سروشتی چینایەتی سیستەمی تزار بووە.

لینین بەشداریکردن لە دەزگاکانی وەک "دومای پاشایەتی" بە دەرفەتێک دەزانی بۆ خزمەتکردن بە ئامانجە شۆڕشگێڕییەکان. وتار و بەیاننامەکانی نوێنەرانی بەلشەفیک بڵاودەکرانەوە و دەبوونە ئامرازێکی کاریگەر بۆ هاندانی جەماوەر و پێگەیاندنی سیاسی، بەتایبەتی بۆ ئەو چین و توێژانەی کە بەشێوەیەکی تر دەستیان بە کاری نهێنی پارت نەدەگەیشت. دوما سەکۆیەک بوو بۆ وروژاندن، ئاشکراکردن و ڕێکخستن. ئەم نموونە مێژووییە جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە هێزە شۆڕشگێڕەکان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسیدا بەشداربن، تەنانەت لە پەرلەمانە هەرە کۆنەپەرستەکانیشدا، بۆ برەودان بە خەباتی چینایەتی.

شکستخواردن لە بەکارهێنانی پەرلەمان وەک سەکۆیەکی کاریگەر بۆ بانگەشەی شۆڕشگێڕی، زیانێکی زۆری بە بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی لە عێراقدا گەیاندووە. لەدوای دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و پەرلەمانی عێراق لە ٢٠٠٣ەوە، دەرفەتی زێڕین هەبوون بۆ بەکارهێنانی ئەم سەکۆیانە. ئەگەر کۆمۆنیستە کرێکارییەکان بەبەردەوامی بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکاندا بکردایە، دەیانتوانی گەندەڵی و بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی پارتە دەسەڵاتدارەکان ئاشکرا بکەن، هەمان ئەو هێزانەی کە ئێستا بەهۆی "سیاسەتە ئابوورییە نیۆلیبرالەکان" و دابەشبوونە "تایفی و نەتەوەییەکان" ڕەخنەیان لێدەگیرێت. بە بایکۆتکردنی ئەم دامەزراوانە، بزووتنەوەکە دەنگی خۆی کپکرد و گۆڕەپانی سیاسیی بەتەواوی بۆ چینی دەسەڵاتدار بەجێهێشت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکەیان بەبێ ڕکابەر. بڕیاری ئێستای بەشێک لە بزووتنەوەی چینایەتی بۆ بەشداریکردن، هەوڵێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم هەڵە تاکتیکییە.

بەیاننامەکە بە دروستی ئاماژە بە "زیادبوونی جەمسەرگیری چینایەتی" و خەباتە بەرفراوانەکانی جەماوەر دەکات. لەم دۆخەی گرژی کۆمەڵایەتی و بێئومێدی جەماوەر لە دەسەڵاتی سیاسیی، دەنگێکی شۆڕشگێڕ لە پەرلەماندا دەتوانێت زۆر کاریگەر بێت.

بە چوونە ناو هەڵبژاردنەکانەوە و دواییش پەرلەمانەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاری دەتوانێت:

- سیستەمەکە ئاشکرا بکات:ڕێڕەوی هەڵبژاردن و قۆناغی پەرلەمان بەکاربهێنێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی درۆکانی چینی دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی سیستماتیکی و ئاشکراکردنی بەرژەوەندییە چینایەتییە ڕاستەقینەکانی پشت یاسا و سیاسەتەکانی ڕژێم، بەمەش پرۆسەی هەڵبژاردن دەگۆڕێت بۆ قوتابخانەیەک بۆ سیاسەتی شۆڕشگێڕی.
- وروژاندن بۆ کرداری سەربەخۆ:شکستەکانی پەرلەمان ڕاستەوخۆ ببەستێتەوە بە پێویستی بنیاتنانی هێزێکی سیاسی سەربەخۆ و ڕێکخراوی چینی کرێکار لە دەرەوەی پەرلەمان، بەمەش بانگەوازی بەیاننامەکە بۆ "خەباتی سیاسی لە دەرەوەی پەرلەمان" بەدی دەهێنێت بە بەکارهێنانی خودی پەرلەمان وەک ئامرازێک بۆ دامەزراندن و ڕێکخستن.

ڕێگای شۆڕش بەرەتکردنەوەی پاسیڤانەی دامودەزگا بۆرژوازییەکان بەدینایەت، بەڵکو بە بەکارهێنانی کارا و چالاکانە بۆ خێراکردنی لەناوچوونیان بەدیدێت. بانگەشەکردن بۆ بایکۆتێکی تەواو، وەک لە بەیاننامەکەدا هاتووە، واتای لەدەستدانی هەلێکی گرنگە بۆ گۆڕینی قۆناغی پەرلەمانی بۆ سەکۆیەکی بەهێز و دیار بۆ بەرنامەی شۆڕشگێڕی کرێکاری، کە ئەمە وانەیەکە لەلایەن لینین و سەرکەوتووترین بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی ڕابردووەوە تاقیکراوەتەوە.

٢٥/١٠/٢٠٢٥

**پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!**

**کارکردن بۆ دەرچواندنی یاسای بیمە کۆمەڵایەتیەکان کە لانی کەمی ژیان بەپێی ستانداردی هاوچەرخ بۆ هاوڵاتیان دابین بکات لەلایەن حکومەتەوە!**

# دەنگێکی جیاواز: بۆچی عێراق پێویستی بە خاتوو سائیرەکان هەیە لە پەرلەمان!

## دەشتی جەمال

لە ١١ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥ عێراق شەشەمین هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجام دەدات، بەڵام ئەمە هەڵبژاردنێکی ئاسایی نییە. لەکاتێکدایە کە وڵات لەژێر قورسایی گەندەڵی و کۆنترۆڵی میلیشیا و دارمانی ئابووری و چەقبەستوویی سیاسیدا خەریکە دەخنکێت. خەڵک بێهیوا بووە. زۆرێک باوەڕیان بەم سیستەمە نەماوە، بەڵام هێشتا هەوڵێک لە ئارادایە بۆ گۆڕینی ئاراستەکە. لە دیمەنێکی سیاسیدا کە تائیفەگەری و دەنگکڕین و دەستکاریکردنی نوخبەیی زاڵە، خاتوو سائیرە یوسف عزیز کاندیدێکی پێشکەتوخوازی ژن لەسەر لیستی کۆتاکان شێلگیرانە و بەوپەڕی بوێریەوە دەردەکەوێت. لەکاتێکدا ئەوانی تر بەدوای دەسەڵاتدا دەگەڕێن بۆ خزمەتکردنی خۆیان، ئەویش خۆی بۆ خزمەتکردنی خەڵک کاندید دەکات..

خاتوو سائیرە بەڵێنی داوە دەنگێک بێت بۆ بێدەنگەکان هەربۆیە لەپاڵ هەرسێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وکوردستان وحیزبی شیوعی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری لە ١/١١/٢٠٢٥ لەشاری هەولێر دەرکەوت. ئەو بەڵێنیداوە بەرگری لە داواکارییەکانی خەڵک بکات نەک بەرژەوەندی میلیشیا دەسەڵاتدارەکان و نوخبەی سیاسی بۆرژوازی پاڵپشتیکراوی دەرەکی.

پابەندبوونی خۆی بۆ کارکردن بۆ گۆڕینی یاسای ستەمکاری ساڵی ٢٠٢٤ی باری کەسی بە یاسایەکی مەدەنی و مرۆیی کە ژنان و منداڵان بپارێزێت. ئەو خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە یاسا جیاکارییەکان کە مافەکانی ژنان بۆ هاوسەرگیری، جیابوونەوە، میرات و ئازادی کەسی سنووردار دەکەن. ئەو عێراقێک پێشبینی دەکات کە هیچ ژنێک بە ناچاری هاوسەرگیری نەکات، دادگای تائیفی چیتر ژیانی کەسی دیکتە نەکات و هەموو هاولاتییەک لەبەردەم یاسادا یەکسان بێت.

خاتوو سائیرە وەک داکۆکیکارێکی چاونەترس بەڵێنیداوە بۆ ئازادی ڕادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و نارەزایەتی دەربڕین تێبکۆشێت. پێیوایە هیچ ڕۆژنامەنووسێک، هەڵسوراوێکی و نارازییەک نابێت لە ترسی دەستگیرکردن، توندوتیژی و تیرۆرکردندا بژی. لەوڵاتێکدا کە قسەکردنی ڕاستییەکان دەتوانێت ژیانت بەفیرۆ بدات، ئەو دەوێرێت لەبری هەموومان قسە بکات. ئەوەشی بەیانکردووە کەهەوڵەکانی توندەدکاتەوە لەگەڵ هەر هاوکارێکی دیکە بۆ کۆتاییهێنان بە سزای لەسێدارەدان و گۆڕینی یاسا توند و بەسەرچووەکان بە سیستەمێک کە ڕێز لە کەرامەتی مرۆڤ و دادگاییکردنی دادپەروەرانە بگرێت.

خاتوو سائیرە سیاسەتی تائیفەگەری و دابەشبوون ڕەتدەکاتەوە و لەبری ئەوە بڕوای بە مەبدەئی هاوڵاتیبوون و یەکێتی و بەها مەدەنییەکانەو هەوڵی بەرەوپێشبردنیان دەدات. هەوڵ دەدات هاوڵاتی عێراقی ناسنامەی هاوڵاتی هەبێ و سیستەمێکی سیاسی بنیات بنرێت کە مافی هاوڵاتی یەکسان ڕەچاوبکات. بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵی، گێڕانەوەی داهاتی گشتی بۆدەستی خەڵک نەک تالانکردنی لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیاییەوە، لەکاتێکدا خەڵکی عێراق بەدەست هەژاری و بێکاری و بەرزبوونەوەی نرخەکانەوە دەناڵێنن، ملیارەها دۆلار لە سامانی نەوتی عێراق لەلایەن نوخبە گەندەڵەکانەوە دەدزرێت. خاتوو سائیرە خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە گەندەڵی و هەڵوەشاندنەوەی باجی نادادپەروەرانە و دڵنیابوون لەوەی کە سامانی عێراق خزمەت بە خەڵک دەکات نەک گەندەڵکاران.

دەنگدەران دەتوانن لەم هەڵبژاردنەدا چاویان لەسەر ئەو کاندیدانە بێت کە بڕیاریانداوە خواست و داواکاریەکانی شەقام ببەنە پەرلەمان و شەری بەرژەوەندیەکانی ئەوان بکەن بۆ موچەو ئازادی و خزمەتگوزاریەکان. خاتوو سائیرە یەکێکە لەو کاندیدە سەربەخۆیانە لەسەر لیستی کۆتاکان بەڵێنیداوە پەرلەمانی عێراق بکاتە مەیدانێک بۆ بەرگری لە خواست و داواکاریەکانتان، خاتوو سائیرە شایەنی ئەوەیە دەنگی پێبدرێت.

٢/١١/٢٠٢٥

**پلاتفۆرمی ئێمە بۆ هەڵبژاردنی عێراق!**

**کارکردن بۆ گۆڕینی یاسای کاری ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠١٥ و دەرچواندنی یاسایەکی کاری پێشڕەوانە کە مافە بنەڕەتیەکانی چینی کرێکار؛ لە پەیوەند بە ئازادیی ڕێکخراوبوون، مانگرتن و خۆپیشاندان و بەڕەسمی ناسینی نوێنەرایەتی سەربەخۆی کرێکاران لە هەموو مەیدانەکانی پەیوەست بە مافەکانی کرێکارانەوە، دەستەبەر بکات.**